# هێندێک

# خوێندنەوەی

# کوردی

شێرکۆ هەژار

٢٠١٤

ناوەرۆك


"گوڵی خوێناوی"ی گۆران و سەرچاوەی ئیلهامی .................... ٥ - ١٢

"بۆ بلبل"ی گۆران و سەرچاوەی ئیلهامی .................... ١٣-٢٨

وەرگێڕانێکی هەردی لە ئینگلیسی: فەلسەفەی دڵداری ـ شێلی .................... ٢٩

لە قسەکانی جبران خلیل جبران .................... ٣٠

کوردی چ زمانێکی خۆشە، ئەگەر رۆژێك فێری بین: شتێك لە پیرەمێرد ٣١-٣٣

هەژارو سەیف بۆ میزاجی کوردەواری .................... ٣٤-٣٧

بەیانیت خۆش و گەش خانم .................... ٣٨-٤١

یادێکی قانیع .................... ٤٢-٤٤

شیعری شێرکۆ بێکەس .................... ٤٥-٤٦

دیسان باسی شیعری شێرکۆ بێکەسی ئەستێرەی جیهان لە روانگەی
دێهاتییەکی شێرکۆ ناوەوە .................... ٤٧-٤٨

کوردیی پەتی و ناپەتی .................... ٤٩-٥٩

هەڵمان ناوێت، بەڵام پەرەسەندن شتێکی ترە .................... ٦٠-٧٠

رازی خەمێکی نووسین .................... ٧١-٧٣

## گوڵی خوێناوی ــ گۆران

١

کوڕ :

بڕوانە، شایی‌یە، چۆپی‌یە، لەو ماڵە
گوێ بگرە، زوڕنایە، دەهۆڵە، شمشاڵە
زرەدو سوور تێکەڵبوون، ژن و پیاو، هەرایە
لەوناوە هەر هاڕەی هەیاسەی تۆ نایە
سا توخوا خێراکە، با بڕۆین، دەست بگرین
بە کامی دڵداری پێکەوە هەڵپەڕین

کچ :

گوڵ نەبێ بۆ سەرم ئاڵ چەپکێ، زەردچەپکێ
نایەم بۆ زەماوەند، نایەم بۆ هەڵپەرکێ

کوڕ:

کچ لە ڕێی جوانیتا، کچ لە ڕێی جوانیتا
کچ لە ڕێی نیونیگای هاتوچۆی کانیتا
پایزە، گەڵای دار ڕژاوە، باغ رووتە
گوڵ کوانێ،گوڵ لێوی بە بزە پشکووتە

کچ :

گوڵ نەبێ بۆ سەرم، زەردچەپکێ، ئاڵ چەپکێ
نایەم بۆ زەماوەند، نایەم بۆ هەڵپەرکێ

بتدایـە دڵ بە من بە هـەمـوو مانـاوە

دوو چەپکت ئەهێنا لە باغچەی پاشاوە

کوڕ ( ئەڕوا و لەبەرخۆیەوە بە گۆرانی ئەڵێ) :

باغچەی پاشـا لەوبەر ئاوە

خێڵی دوژمن دەورەی داوە

ئەڕۆم ڕێگام لێ گیراوە

ناڕۆم چاوکاڵ لێم تۆراوە

( بەرە بەرە لە دێ دوورکەوتەوە)

٢

کوڕ:

بە بـاغـچـەی پـاشـادا ورد گـەڕام خـوار و ژوور

زەرد هەبوو، بۆم چنیت، چنگ نەکەوت گوڵی سوور

نـازانم ئـەمجا دێیت بۆ شـایی و هـەڵپەڕکێ ؟

کچ :

نایەم، گوڵ ماویەتی بۆ سەرم سوورچەپکێ

کوڕ ( یەخەی مراخانی ترازاند) :

ناتەوێ ئەم زامی سەردڵەم لەباتی ؟

کچ :

هەی هاوار، تفەنگی دوژمنیش پێکاتی ؟

راکشێ، تاوێ سەر بنێرە سەر رانم

با بگریم بۆ دڵێ، بۆ گوڵێ دۆڕانم .

" گوتی ئەگەر گوڵباخی سووری بۆ بێنم، لەسەمادا دێتە دەستم، بەڵام ئاخر هەی هاوار، دە تەواوی باخچەکەمدا، تاقە گوڵباخێکی سوور نیە" .

بولبول، بەسەر داربەڕووەوە، گوێی لەو دڵهەڵپڕووزانەی خوێندکاری لاو بوو و لێی سەیرهات .

چاوە جوانەکانی پڕ لە ئەسرین بوون و، دەیگوت " دە تەواوی باخچەکەمدا، تاقە گوڵباخێکی سوور نیە، چۆن بەختیاری بە ئەوها شتانێکی بچووکەوە بەندە . نووسینێکی ژیران ئەمە نەیخوێنمەوە، ئەوەی پێی بگوترێت فەلسەفە دە سنگی مندایە، کەچی ئەمتا ژیانی من بۆ خاتری یەك گوڵباخی سوور دە چ کارەساتێکدایە" .

بولبول گوتی:" ئەوەتا، ئاخری، دڵدارێکی راستەقینە؛ من بە بێ ئەوە کە بیناسم، شەو دوای شەو بۆم خوێندووە، باسیم بۆ ئەستێران گێڕاوەتەوە و، وا ئێستا دەیبینم، مووی رەشی دەڵێی خونچەی سنبلە، سووریی لێوی وەکو کوڵباخی ئارەزووی، بەڵام گڕی ئەوینی، رووی وەکو عاجی کاڵبۆوە لێ کردووە و، خەم لە برۆی نیشتووە ".

خوێندکاری لاو لەبەرخۆیەوە ورتەی بوو : " سبەی شەو لەماڵی شازادە کۆڕی سەمایە، دڵبەریش لەوێ دەبێت، ئەگەر گوڵباخێکی سووری بۆ بەرم، تا بەری بەیانی سەمای لەگەڵ دەکەم . ئەگەر گوڵباخێکی سووری بۆ بەرم، دە باوەشی دەگرم، سەری لە سەر شانم دادەنێت و، دەستی دەخاتە دەستمەوە . بەڵام ئاخر گوڵباخی سوور دە باخچەمدا نیە، یانی تەنیا دەمێنمەوە، دڵبەر هەروا بەلامدا تێدەپەڕێت . خۆم تێ ناگەیەنێت و، دڵم دەشکێت ".

بولبول گوتی :" ئەمە دڵداری راستەقینەیە . ئەوەی خوێندنی منە، ناڵەی ئەوە - ئەوەی شادیی منە، شینی ئەوە . حەقەن دڵداری شتێکی یەکجار زۆر سەیر جوانە ، لە زمرووت بەنرختره، لە دوڕی نایاب لەبەردڵتره . نە بە مرواری دەکڕدرێت و نە بە هەنار و، نە هەر لە بازاڕ هەیە . هی بازرگانی نیە و، بە تەرازووی زێڕکێشانیش ناکێشرێت ".

خوێندکاری لاو گوتی : " مووسیقاران شوێنی خۆیان لە کۆڕ دەگرن، ژێی ئامێرەکانیان تاقی دەکەنەوە و، دڵبەرم لە سەر ئاوازی چەنگ و ویڵۆن سەمادەکات . ئەوەندە بە لەشسووکی سەمادەکات کە پێی وە زەوی ناکەون،

یارانی شازادە بە بەرگی رازاوەیان بە دەوریی‌یەوە ئاپۆرەدەدەن . بەڵام، سەما لەگەڵ من ناکات، چونکە گوڵەباخی سوورم بۆ نەهێناوە " . ئەوجا خۆی بە زەویدا دا، لەسەر گیایەکە، دەموچاوی بە هەردوودەستی داپۆشی و، دایە گریان .

سەرمازەڵەیەکی سەوزی بچکۆلە لە پەنایەوە تێپەڕی، کلکی بەرزۆکردۆ، پرسی : " ئەوە بۆچی دەگری ؟ ".

پەپوولەیەك بەدووی تیشکێکی هەتاوەوە فرە- فڕی باڵەکانی بوو، گوتی :" ئەرێ بە ڕاست، بۆچی ؟ ".

گوڵەداودییەکیش، بە دەنگێکی زۆر نزم، زۆر هێدی، بە چرپە بە هاوسێکەی گوت :" ئەرێ بە ڕاست بۆچی ؟".

بولبول گوتی :" بۆ گوڵەباخێکی سوور دەگری" .

هەموو هاواریان کرد : " بۆ گوڵەباخێکی سوور ؟ " و، سەرمازەڵەی دڵ کەمێك ناساف دایە پێکەنین .

بەڵام بولبول لە خەمی خوێندکار گەیشت، بێدەنگ بە سەر داربەڕووەکەیەوە مات بوو، بیری لە رازی ئەڤین دەکردەوە .

لە پڕێك، باڵی خورمایی بڵاوکردن ، لە باڵی دا و کەوتە ئاسمان . سێبەرئاسا بە سەر مێشەدا فڕی و، سێبەرئاسا بە سەر باخچەدا فڕی .

لە ناوەندی پەڵەگیایەك، بنەگوڵەباخێك هەبوو، کە بولبول دیتی، چوو و بەسەر چڵێکییەوە نیشتەوە .

بولبول بانگی لێکرد : " گوڵەباخێکی سوورم بدەیە، تا جوانترین ئاوازی خۆمت بۆ بخوێنم" .

بەڵام بنەگوڵەباخ سەرێکی بۆ راوەشاند .

پێی گوت : " گوڵی من سپین، وەکو کەفی دەریا سپین، لە بەفری سەرچیایان سپیترن . بەڵام بچۆ لای براکەم، کە بەدەوری سەعاتی هەتاوەکەوەیە، رەنگە ئەو بتوانێت داواکەت بۆ بەجێبێنێت ".

ئیتر بولبول فڕی و چووە لای بنەگوڵەباخی بە دەوری سەعاتی هەتاوەکەوە .

بولبول بانگی لێکرد : " گوڵەباخێکی سوورم بدەیە، تا جوانترین ئاوازی خۆمت بۆ بخوێنم" .

بەڵام بنەگوڵەباخ سەرێکی بۆ راوەشاند .

پێی گوت : " گوڵی من زەردن، وەکو قژی ئەو حۆرییەی دەریای کە لەسەر تەختی عەنبەر دادەنیشێت زەردن، لەو نێرگسە زەردەی مێرگی بەر لەوەی دروێنەوان بە مەڵەخانی بێتێ زەردترە . بەڵام بچۆ لای براکەم، کە لە ژێر

پەنجەرەی خوێندکارەکەیە، رەنگە ئەو بتوانێت داواکەت بۆ بەجێبێنێت".

ئیتر بولبول فڕی و چووە لای بنەگوڵەباخی کە لە ژێر پەنجەرەی خوێندکارەکەیە.

بولبول بانگی لێکرد : "گوڵەباخێکی سوورم بدەیە، تا جوانترین ئاوازی خۆمت بۆ بخوێنم".

بەڵام بنەگوڵەباخ سەرێکی بۆ راوەشاند.

پێی گوت : "گوڵی من سوورن، وەکو لاقی کۆتر سوورن، لە باوەشێنی مەرجانی کە بۆ ئەشکەوتی ئۆقیانووس هەر شەپۆل دەدەنەوە سوورترن. بەڵام زستان دەمارەکانی سڕکردووم و، زوقم لە خونچەکانی داوم و، باهۆز چڵەکانی شکاندووم، ئیتر ئەمساڵ گوڵم هەر نابێت".

بولبول گوتی :"من هەر یەك گوڵەباخی سوورم دەوێت، تاقە یەك گوڵەباخی سوور! مەگەر رێگایەك نیە وەدەستی بهێنم ؟".

پێی گوت : "رێگایەك هەیە، بەڵام ئەوەندە سامدارە کە ناوێرم پێت بڵێم".

بولبول گوتی : "پێم بڵێ، من ناترسم".

پێی گوت : "کە تۆ گوڵەباخی سوورت بوێت، دەبێت لەبەر تریفەی مانگ بە مووسیقا بیڕوێنیت و، بە خوێنی دڵت ئاوی بدەیت. دەبێت سنگت بە دڕکێکمەوە بنێیت و بۆم بخوێنیت. تەواوی شەو بۆم بخوێنیت و، دڕکەکە دەبێت دە دڵت بچەقێت و، خوێنی ژیانت بڕژێتە دەمارەکانمەوە و، ببێت بە هی من".

بولبول گوتی : "مەرگ نرخێکی گرانە بە گوڵەباخێك بدرێت و، ژیان لای هەموو کەسێك زۆر خۆشەویستە. خۆشە دە لێڕی سەوزدا، سەیرکردنی هەتاو دە گالیسکەی سەرئاوەڵای زێڕیدا، مانگ دە گالیسکەی سەرئاوەڵای مرواریدا. چ خۆشە بۆنی گێوژ و، ئەو تووتڕکەی لە دۆڵەکدا خۆ دەشارێتەوە و، ئەو خەلەنگەی لە سەر ئەوگردە کەروێشکە دەکات. بەڵام دیساهەر، ئەڤین لە ژیان باشترە، ئەوجا دڵی باڵندەیەك لەچاو ئەوەی مرۆڤێك چیە ؟".

لەپڕێك، باڵی خورمایی بڵاوکردن، لە باڵی دا و کەوتە ئاسمان. سێبەرئاسا بەسەر باخچەکەدا فڕی و، سێبەرئاسا بە سەر مێشەکەدا.

خوێندکاری لاو، هەروەك خۆی هێشتا لەسەر گیایەکە درێژببوو، ئەسرینی چاوە جوانەکانی وشك نەببوون.

بولبول پێی گوت : " شاد بە، شاد بە، گوڵەباخەکەت دەبێت . لەبەر تریفەی مانگ بە مووسیقا دەیڕوێنم و، بە خوێنی دڵم ئاوی دەدەم . شتێکی کە من لەبەرامبەردا لە تۆم دەوێت ئەوەیە کە دڵدارێکی راستەقینە بیت، چونکە دڵداری لە فەلسەفە ژیرترە . هەرچەندە فەلسەفە ژیرە، لە دەسەڵات بەهێزترە، دیسا هەر دڵداری بەهێزە . باڵەکانی گڕ رەنگن و، لەشی بە رەنگی گڕە . لێوەکانی وەکوهەنگوین شیرینن و، هەناسەی وەکو بخوورە ".

خوێندکارەکە، لەسەر گیاکەوە سەیری کردو، گوێی لێ گرت، بەڵام تێنەگەیشت بولبول چی دەگوت، چونکە ئەو هەر ئەو شتانەی دەزانی کە دە کتێبدا نووسراون .

بەڵام داربەڕوو تێگەیشت و، خەمگین بوو، چونکە زۆر هۆگری ئەو بولبولە بوو کە هێلانەی دە لقەکانیدا دروست کردبوو . بە بولبولی گوت : " دوا ئاوازێکم بۆ بخوێنە؛ کە تۆ بڕۆیت، من زۆر هەست بە تەنیایی دەکەم ". ئیتر بولبول بۆ داربەڕووی خوێند ، خوێندنێکی وەکو قوڵتەی ئاوی لە کووپەیەکی زیوەوە بێت .

کە خوێندنی بولبول کۆتایی هات، خوێندکار قەڵەم و دەفتەری لە گیرفانی دەرهێنا ، بە مێشەکەدا ڕۆیشت و لەبەرخۆیەوە گوتی :" نکوڵی لێناکرێت کە دە شکڵێکی جواندایە، بەڵام ئایا هەستی تێدا هەیە ؟ نە، پێم وانیە تێدا بێت . راستیەکەی، ئەویش وەکو زۆرترینی هونەرمەندان، هەر شکڵی پێیە، نەك سۆزی دڵ . خۆی بە قوربانی خەڵك ناکات . ئەو هەر بیری لای مووسیقایە و، هەمووکەسێك دەزانێت کە هونەر خۆپەسندن . بەڵام خوا هەڵناگریت نکوڵی لێ ناکرێت کە چەند جوانی دە دەنگیدا هەن . حەیف کە هیچ مەبەستێکیان تێدا نیە، یا بە کردار هیچ کەڵکێك ناگەیەنن " .

ئەوجا چۆوە ژوورەکەی، لەسەر جێخەوی بچووکی پووشی پاڵکەوت و، کەوتە بیرکردنەوە لە دڵداری و، دوایی خەوی لێ کەوت .

کە مانگ دەرکەوت، بولبول فڕی چووە لای گوڵەباخەکە و، سنگی بە دڕکییەوە نا . هەموو شەوەکە، کە سنگی بەوجۆرە بە دڕکی گوڵەباخەوە نابوو، خوێندی و، مانگی ساردی بللوری داهاتەوە وگوێی لێ گرت . تەواوی شەوەکە خوێندی و، دڕك پتر و پتر دە سنگی ڕۆدەچوو و خوێنی لێ دادەکشا .

سەرەتا، سروودی لەدایکبوونی دڵداریی دە دڵی کوڕو کچێکدا خوێند ، بەوە گوڵێکی بەجوانیی سەرسوڕهێن لە وەچی سەر تۆپی بنەگوڵەباخ دەستی بە پشکووتن کرد و، پەیتا پەیتا ، لەگەڵ خوێندنی بە دوو خوێندنی بولبولدا

پەڕەی بەدووی پەڕەی دەردەکرد .

سەرەتا ،کاڵ بوو ، وەکو تەمی سەر رووبارەکە کاڵ بوو ؛ وەکو پێی بەیانی کاڵ و ، وەکو باڵەکانی شەفەق زیوین بوو . وەکو سێبەری گوڵباخێك بە سەر ئاوێنەیەکی زیوەوە، وەکو سێبەری گوڵباخێك دە حەوزی ئاودا ، رەنگی وەها بوو ، ئەو گوڵباخەی لە وەچی سەرتۆپی بنەگوڵباخ پشکووت .

بەڵام بنەگوڵباخ هاواری لە بولبول کرد پتر خۆ بە دڕکییەوە بنێت، هاواری لێکرد: '' پتر خۆتی پێوە بنووسێنە، بولبولی گچکە، ئەینا بەر لە تەواوبوون دەبێتە رۆژ ''.

ئیتر بولبول پتر خۆی بە دڕکەوە نووساند و ، بەوە کە ئێستا سروودی لەدایکبوونی کوڵی دڵی پیاوێك وکیژێکی دەخوێند ، دەنگی خوێندنی بەرزترو بەرزتر دەبووە .

ئێستا سوورهەڵگەڕانێکی ناسك، وەکو سوورهەڵگەڕانی دەموچاوی زاوا کاتێك لێوی بووکی ماچ دەکات، چرژایە گەڵاکانی گوڵباخەوە . بەڵام دڕك هێشتا بە دڵ نەگەیشتبوو، لەبەرئەوە، گوڵباخ هێشتا هەر سپی بوو ، چونکە دڵی گوڵباخێك هەر تەنیا بە خوێنی دڵی بولبولێك ئاڵ دەبێت .

لەبەرئەوە، بنەگوڵباخ هاواری لە بولبول کرد پتر خۆ بە دڕکییەوە بنێت، هاواری لێکرد: ''پتر خۆتی پێوە بنووسێنە، بولبولی گچکە، ئەینا بەر لە تەواوبوون دەبێتە رۆژ''.

ئیتربولبول پتر خۆی بە دڕکەوە نووساندو ،دڕك گەیشتە دڵی . ئێش،تاڵ، زۆر تاڵ بوو و ؛ ئێستا بەوە کە سروودی دڵدارییەکی دەخوێندکە بە مەرگی لەش تەواو دەکرا ، دڵدارییەکی کە دە گۆڕدا نەدەمرد ، دەنگی گەرمترو گەرمتر دەبوو .

گوڵباخ بەجوانیی سەرسووڕهێن، وەکو گوڵباخی ئاسمانی رۆژهەڵات، ئاڵ بوو . کەمەری پەڕەکانی ئاڵ بوو و، دڵی وەکو یاقووت ئاڵ بوو . بەڵام دەنگی بولبول دایە سست بوون و ، باڵە بچکۆلەکانی کەوتنە باڵەتپە و ، توێژێك بەری بینایی گرت . خوێندنی سستتر و سستتر دەبوو و ، هەستی وەك ئەوە دەکرد شتێك قوڕگی بگرێت . ئیدی دوا چۆڕی مووسیقای هەڵڕشت . مانگی سپی گوێی لێ بوو، شەفەقی لە بیرچۆوە و ، هەر وا لە ئاسمان خۆی گیرکرد . گوڵباخ گوێی لێبوو و ،بە تەواوی، لەرزە و حاڵی لێ هات و پەڕەکانی بە رووی بای ساردی بەرەبەیاندا کردنەوە . دەنگدانەوە بردییە ئەشکەوتی گردەکان و ، شوانەکانی لە خەونەکانیان وەخەبەرهێنا. بەسەر قامیشەڵانی رووباردا رۆیشت و ، پەیامی بەدەریا گەیاند .

بنەگوڵباخ هاواری کرد: '' سەیرکە، سەیرکە، گوڵەکە ئێستا تەواو بووە؛ بەڵام بولبول وەڵامی نەبوو ، چونکە

بە مردوویی دە گیای بەرزدا، دڕك دە دڵیدا، کەوتبوو .

نیوەڕۆ، خوێندکار پەنجەرەکەی کردەوە و سەیری دەرەوەی کرد، هاواری کرد:" پەح! ،چ بەختێکی سەیرم هەیە،خۆ ئەمە گوڵباخێکی سوورە، ئەسڵەن من لە تەواوی ژیانمدا گوڵێکی وام نـەدیتووە . ئەوەندە جوانە، حـەقەن دەبێت ناوێکی لاتینی زۆر درێژی هەبێت "؛ داهاتەوەو، لێ‌کردەوە .

ئەوجا کڵاوەکەی کردەسەر، گوڵباخی بەدەستەوە و، بۆ ماڵی پرۆفیسۆری راکرد .

کچی پرۆفیسۆر لە هەیوان دانیشتبوو، ئاوریشمی لەسەر غەرغەرەیەك هەڵدەکرد و، سەگە بچکۆلەکەی لەبەر پێی درێژببوو . خوێندکار هاواریکرد:" تۆ گوتت ئەگەر گوڵباخێکی سوورت بۆ بێنم، سەمام دەگەڵ دەکەیت، فەرموو ئەمە سوورترین گوڵباخی سەرتاسەری دنیایە . بە سەر دڵتەوەی دەکەیت و، کە پێکەوە سەمادەکەین پێت دەڵێت من چەندە تۆم خۆش دەوێ" .

بـەڵام کیژ رووی گرژ کرد و گوتی : " جارێ من پێم وانیە ئـەم گوڵە لە کراسەکەم بێت، ئـەوجا برازای سەرۆکی یـاوەرانی شـازادە، هێندێك گەوهەری راستەقینەی بۆ ناردووم و، هەمووکەسێك دەزانێت کە گەوهەر زۆر لە گوڵ گرانترە ".

خوێندکار بە تووڕەیی گوتی : " دەك کە بێ‌نەمەکیت " و گوڵباخەکەی فرێدایە دەرەوە و، کەوتە جۆگەی ئاوەڕۆی پەنا رێگاوە و، عارەبانەیەك بەسەریدا رۆیشت و، گوڵباخ وەبەر چەرخی‌کەوت .

کچ گوتی : " بەدنەمەك! با پێت بڵێم، تۆ زۆر بێ‌ئەدەبیت؛ بەهەر حاڵ هەر ئەسڵەن تۆ کێیت ؟ من باوەڕ ناکەم تۆ تـەوقێکی زیوی سەر پێڵاویشت وەکو ئەوەکەی برازای سـەرۆکی یاوەرانی شـازادە هەبێت " . ئـەوجا لە سەر کورسیەکەی هەستا و رۆیشتە ژوورەوە .

خوێندکار،کە رۆیشت، گوتی :

" ئای کە دڵداری شتێکی هیچوپووچە، نیو ئەوەندەی مەنتیق بەکەڵك نیە، چونکە هیچ ناسەلمێنێت و، هەمیشە باسی شتانێکت بۆ دەکات کە روو نـادەن و، وات لێ دەکات بڕوات بە شتانێك هەبێت کە راست نین . ئەوەی راستی بێت، لەم سەردەمەدا کە بەکاربوون هەموو شتە، شتێکی تەواو بێکارەیە، بۆخۆم دەچمەوە سەر خوێندنی فەلسەفە و میتافیزیك .

ئیتر گەڕایەوە ژوورەکەی و، کتێبێکی زلی تۆزاوی دەرکێشا و، کەوتە سەر خوێندنەوە .

یەکەم هەنگاوی ڕێبازی شیعری نوێی‌کوردی، سەدەی بیستەم، لە هەرێمی باشووری‌کوردستانەوە نرا . ئەوەش لە ژێر تەئسیری نـاڕاستەوخۆی ئەوروپادا بوو، کە لە ڕێگای دوا قۆناغی ئیمپراتۆریی عوسمانییەوە گەیشتە ئەو بەشەی کوردستان . کتێبێکی هێژای " ئەحمەد تاقانە" بە ناوی " تۆفیق فیکرەت و شاعیرە نوێخوازەکانی کورد" ئەوە جوان روون دەکاتەوە .

یـەکێك لەوانەی ئەو یەکەم هەنگاوەیان نا ، " عەبدوڵڵا گۆران" ، دوا سێ ساڵی شەڕی جیهانیی دووەمی لای ئینگلیسەکان لە یافای فەلەستین بەسەربرد و؛ ئەمجارەیان خۆی ڕاستەوخۆ تێکەڵ بە دنیای شیعری ئینگلیسی بوو و، شیعرو پەخشانی ڕۆمانتیکی سەدەی نۆزدەی ئینگلیس یـەکجار زۆر کاری تێ‌کرد .

لە پەراوێزی داوێنی شیعری " بۆ بلبل" ی " دیوانی گۆران "دا نووسراوە :

" هەڵبەستی To A Skylark ، هیی شاعیری بەناوبانگی ئینگلیز پرسی بیش شیللی،

سەرچاوەی ئیلهامی ئەم شیعرانەیە . "

نـاوی هەڵبەستـەکە To A Skylark واتا " بۆ چوڕە پۆپنەکییەك" یا " بۆ پۆپنەکییەك"، کە باڵندەیەکی کەمێك لە چۆلەکە گەورەترە و، پۆپدارە و، بە دەم فڕینەوە دەخوێنێت .

من لێرەدا، لەپێشدا ئەو هەڵبەستە وەردەگێڕم، ئەوجا شیعرەکەی" بۆ بلبل"ی گۆران دەنووسمەوە و، لە کۆتاییشدا دەقی ئەسڵە ئینگلیسییەکەی To A Skylark بۆ کەسێکی مەبەستی بێت .

دیارە وەرگێڕانی شیعر بە پەخشان، هەمیشە زۆر لە جوانیی شیعرەکە دەسڕێتەوە، بۆن و بەرامەی ناهێڵێت و، بە تایبەتی لە عونسوری مووسیقای هەر دەڕووتێنێتەوە . لەبەرئەوە، ڕەنگە بۆ مرۆڤی بە ئینساف وا باشتر بێت کاری وا بەرامبەر هیچ شاعیرێك نەکات . بەڵام لە سەرێکی تریشەوە، چار نیە، ئەو کارە زۆر وا دەبێت پێویست دەبێت . وەك کە من ئێستا دەیکەم و، بۆ ئەوە مەگەر هەر داوای لێبووردن لە" شێلی"ی جوانەمەرگ بکەم،کە ئەم دەردە بەسەر ئەم شیعرەی دەهێنم و، لە پاڵ ئەسڵی شیعری گۆرانی بە هەموو جوانی و بۆن و بەرامە و مووسیقای خۆیەوە دادەنێم . ئەگەر ئینگلیسێکیش شیعری کوردیی وەربگێڕایە و، لەپاڵ ئـەسڵی شیعرێکی ئینگلیسیی دابنایە، هەر هەمان کار دەبوو، مەبەست تێدا بێ ئینسافی نیە و، تەبیعەتی کارەکە وەهایە .

هۆنراوەکە لە بیستویەك ستانزای پێنج‌دێڕی پێك‌دێت، چواری یەکەم کورت و پێنجەمەکەیان درێژە . قافیەکەی بە نەزمی میتری " ئا- بێ- ئا- بێ- بێ"یە، واتا دوا پیتی یا دەنگی یەکەم و سێیەم دێڕی وەکو یەکن و هی ئەوانی

تریش یەکی تری وەکو یەکن . یەکەم چوار دێڕ بە نەزمی"ترووکی" ( لە" ترۆخۆس"ی یونانی) یە، واتا وا دانراوە کە هەر وشەیەکی بە زمان لەسەر داگرتن و دەنگی بڵندو وشەکەی بەدوویدا بەپێچەوانەوە،بە زمان لەسەر دانەگرتن و دەنگی نزم بخوێندرێتەوە، تاکو مووسیقای وەکو شەپۆلی دەریا ،یا کەروێشکەکردنی گەنم بێتە بەرگوێ،کە دیارە منی - لێرەدا - بێ ویژدان هەموویم لێ کوشتوون و ئاداریم بەسەر پادارییەوە نەهێشتووە .

ناوی شاعیر لە سەرچاوە کوردییەکاندا بە " شیللی" هاتووە، بەڵام شێوەی گوتنی راستی ئەسڵە ئینگلیسییەکەی " شێلی "یە .

بۆ پۆپنەکییەك ــ شێلی

سڵاو لە تۆ ئەی رووحی شاد
تۆی کە قەت هەر باڵندە نەبوویت
ئەی ئەو رووحەی لە ئاسمانەوە یا نیزیکییەوە
هەموو دڵت، هەروا
بێ بیرلێکردنەوە، دەڕژێنیتە ئەو هەمووە ئاوازەوە .

بۆ بەرزتر و بەرزتر
لە زەوییەوە دەفڕیت
وەك پەڵە هەورێکی ئاگر،
قووڵایی ئاسمانی شین دەبڕیت،
بە خوێندنەوە بەرزدەبیتەوە و، بە بەرزبوونتەوە دەخوێنیت .

بە تیشکی زێڕینی
هەتاوی ڕۆچوو،
وسەر هەورانی کە دەبریسکێنەوە
دەگەڕێیت و ڕادەکەیت؛
وەك شادییەکی بێ لەشی کە ئەها گەشتەکەی دەست پێ کرد.

ئێوارەی ئەرخەوانیی کاڵ
دە فڕینی تۆدا دەتوێتەوە؛
وەك ئەستێرەیەکی ئاسمان
دە ڕۆژی ڕووناکدا
لەچاو نادیاریت، بەڵام شەوقی بیرت هەر دەبیسم.

تیژ وەك تیرەکانی
گۆی مانگی زیوین،
کە چرای بەشەوقی
دە ڕوونایی شەفەقی سپیدا دەداتە کزی
تا وای لێ دێت بەزەحمەت دەیبینین ـــ بەڵام هەست پێ دەکەین ئەوەتا لەوێیە.

هەموو ئەرزو ئاسمان
پڕ لە دەنگی تۆیە،
کاتێ لە شەوی بێ ئەستێرەدا و
بە تەنیا یەك پەڵەهەور بە ئاسمانەوە
مانگ تیشکی تریفەی دەبارێنێت و، ئاسمانی لێ پردەکات.

تۆ چیت   نازانین؛
دەبێت ئەوەی  زۆرتر وەکو تۆ بێت  چی بێت ؟
لە هەوری پەلکەزێڕینەشەوە
دڵۆپی ئەوەندە گەش ناڕژێت
وەك ئەوەی لە رێژنەی بارانی ئاوازی ئێستای تۆدایە .

وەك  شاعیرێکی کە خۆی
دە رووناکیی بیردا شاردووەتەوە و ،
سروودی خۆی هەر لەخۆیەوە دەخوێنێت،
تا دڵی دنیا دەخاتە سەر
هیوا و ترسانێکی کە هەر بەبیردا نەهاتبوون  .

وەك کیژێکی نەجیبزادەی
لە بورجی کۆشکدا لەدایکبوو ،
رووحی  پڕ لە خۆشەویستییخۆی
لە سەعاتێکی نهێنیدا ئارام دەکاتەوە
بە مووسیقایەکی وەکو ئەڤین شیرین، کە لە ژوورەکەیەوە هەڵدەڕژێت .

وەکو گوڵەستیرە
دە دۆڵێکی  شەونمدا ،
بەشێوەیەکی لەچاو نادیار
هەوایی ئامالْ بڵاودەبێتەوە
لە نێوان گوڵزارو گیادا ، کە دایدەپۆشن .

وەك گوڵباخێك
دە باوەشی گەڵای سەوزی خۆیدا و،
بای گەرم پەڕەكانی هەڵوەراندبێت،
كە هەنگ بە عەتری زێدە شیرینی
باڵیان گران دەبێت و بە بۆن دەكەون .

دەنگی رێژنە بارانی بەهاری
بەسەر گیای كە دەدرەوشێنەوە،
بارانی كە گوڵان وە ئاگا دێنێت،
چەندەی وەها قەت ئەوەندە
شادیهێن و گەش و تەڕوبڕهەبووە، جا هیچی بە مووسیقای تۆ ناگات :

فێرمان بكە، ئەی پەری، یا باڵندە،
ئەو هزرە شیرینانەی خۆت :
من قەتم نەبیستووە
ستایشی ئەڤین یا شەراب
بەوجۆرە بە لافاوهێنانی حاڵگرتنیخودایی بێت .

گۆرانیی بۆ بووك و زاوا،
یا سروودی ئاهەنگی سەركەوتن،
ئەگەر بە خوێندنی تۆ بەراوردبكەین
ئەوانە مەگەر هەر لافێكی بەتاڵ بن و هیچی تر
كە بە بەراورد هەست دەكەین ئەوانە شتێكیان لێ كەمە .

چ باسە دە سەرچاوەکانی
ئەم ئاوازە شادانەتدا ؟
چ مەزرایانێك، چ شەپۆلانێك، یا چیایانێك ؟
چ شکڵانێکی ئاسمان یا دەشتایی ؟
چ خۆشەویستییەکی نەوعی خۆت ؟ چ هەر پێنەزانینی ئێش ؟

دە ئەو خۆشییە روون و گەشەی تۆدا
داهێزان ناکرێت جێگای هەبێت :
سێبەری ئازار
قەت نیزیکت نەبووەتەوە :
دڵداری دەکەیت ـــ بەڵام دڵدارییەکەت قەت خەم نەیگرتووە .

دە هۆشیاری یا دە خەودا ،
ئەوەی تۆ دەربارەی مەرگ بە بیرتدا دێت
دەبێت چەندە راستتر و قووڵتر بێت
لەوەی دە خەونی ئێمەی مرۆڤی فانیدا هەیە ،
ئەینا ئاوازەکانت چۆن وا دەبوونە رووبارە بللوور ؟

ئێمە سەیری پێشی خۆمان و پاشی خۆمان دەکەین
خەمی ئەو شتە دەخۆین کە نیە :
پێکەنینی بەڕاستیشمان
بە هێندێك رەنج بارکراوە ،
شیرینترین گۆرانیمان ئەوانەن کە لە خەمەکانمان دەدوێن .

بەڵام تەنانەت ئەگەر توانیبامان تووڕ بدەین
رق، لووتبەرزی و، ترس؛
بە شتێك لەدایك ببووینایە كە
قەت ئەسرینێكمان نەڕشتایە،
جا نازانم ئەوساش چۆن قەت دەمانتوانی  بە نیزیكی ئەو شادییەی تۆ بگەین .

لە هەموو ئاوازانی
دەنگ شادیهێن باشتر،
لە هەموو گەنجی
ناو كتێبان باشتر
ئەو هونەرەی تۆ  ئەگەر هی شاعیر بوایە، هەی  بە نزمایی لێنۆڕی زەوی!

فێرم بكە نیوەی ئەو شادییەی
كە مێشكی تۆ دەبێت بیزانێت،
ئەوسا دەبینیت  چ شێتییەكی سازگاری وا
لە لێوانم هەڵدەڕژێت
كە دنیا  بیەوێت گوێی لێبگرێت ــ وەك كە من ئێستا گوێ لە تۆ دەگرم  .

## بۆ بلبل                ــ گۆران

ئەی باڵداری ئێسك سووك،
بلبلی دەنووك بچووك،
باغچە بە باغچە ئەفڕی؛

وچانێکی لێ ئەگری :
کام سەرچڵ دڵت گرتی ..
دەنگی لێ هەڵئەبڕی :
کام ئاوازە شیرینە،
رووناکی و نەشئەی ژینە،
بە چواردەوریا ئەپڕژێنی،
دنیا پێ‌ئەکەنێنی ...
لەو گەروە بچکۆلانە
ئەم نەغمە بەرزو جوانە،
چۆن دێتە دەر ؟ چۆن ئەڕژێ ؟
وا گیان ئەسمێ، هۆش ئەمژێ ؟
یا ئەو تۆزقاڵە دڵە
چۆن ئەوەندە بەکوڵە ؟
یا چۆن ئەو نەختە مێشکە
بۆ فەن بووە بە بێشکە ؟
چۆن ؟ توخوا چۆن ؟ ئەی بلبل،
ئەی باڵداری بەهرە زل
نە پەریت، نە ئینسانی،
نە قوتابیی فەننانی،
کام بەستە،کام گۆرانی
سیحری رووتە ئەیزانی ؟ ...

- - -

منیش لای خۆم هەمیشە
شیعرم کردووە بە پیشە،

وەك تۆ، بەڵام ئەم و ئەو :

یەکەم ڕۆژە، دووەم شەو!

شیعری من کامیان چابێ

ئەمجا بێ فرمێسك نابێ؛

هەر خەمە و، هەر هەناسە،

یادە و، ئەندێشە و، تاسە ...

شیعری تۆ، گشت نموونە،

ئاوی سەرچاوەی ڕوونە،

سەربەست ئەڕوا و خوڕەی دێ؛

ئەمیان لەکوێ، ئەو لەکوێ ؟

ئەم شیرینی   ئەو تاڵی،

ئەم فەصاحەت   ئەو لاڵی،

ئەمیان ئاوازەی شادی،

ئەویان نووزەی بەربادی ...

بەڵام بلبل، ئازایی

ئەوەیە نەبی بایی،

بەم بەهرە و، بەم هونەرە!

ئەگەر یەزدانی گەورە

لەو نیعمەتەی پێیداوی،

تۆزێکی نەك تەواوی

بەم شاعیرە هەژارە

ڕەوا بدیایە، دیارە،

منیش لە تۆ زیاتر،

پەسەندکەرو گوێلێگر،

سەری بۆ کەچ ئەکردم،
سوجدەی ئەبرد ، وەك بردم!

- - -

منیش دەروونم شاد بێ،
ملم لە بەند ئازاد بێ،
دەورو‌پشتم گوڵزار بێ،

- - -

عومرم یەکسەر بەهار بێ،
بەرەڵڵا بم، باڵدار بم،
دوور لە مەینەتی شار بم،
پەرداغی ئاوم گوڵ بێ،
جێی حەسانەوەم چڵ بێ،
خواردنم، جلو بەرگم،
بە ئابڕووم، خوێنی جەرگم
نەبێتە ماڵ لەسەرم،
بێ منەت بێ و بێ شەرم،
دڵم ئەوەندە مەست بێ،
کونجێ نەبێ کە پەست بێ،
عەشقم وەك عەشقت پاك بێ،
پڕ لە هیوا و رووناك بێ،
ئەبەدی بێ و پڕ جۆش بێ،
ئەوەندەی هیی تۆ خۆش بێ ...
منیش ئەی ماڵی پیرۆز،
بە یەك چریکەی پڕ سۆز،

بستەی وات بۆ ئەخوێنم،
کە جوان جوان بلەرزێنم
رووی کام گۆم شین و مەنگە،
کام درەخت شۆخ و شەنگە!
کام شاخ کە سەخت و بەرزە
بیخەمە بوومەلەرزە!
کام ئاسمان بێ بنە
ناخی پڕکەم لە شنە!
یا کام دەریا زۆر قووڵە
بنی، بیخەمە جووڵە! ..
بەڵام داخی داخم،
من مەل نیم و ئینسانم!
لە دڵ، لە مێشك یەزدان
بەخشیویە بە ئینسان
چشنێکی زۆر لای رەشبین :
بۆ دنیای گیان، دنیای ژین!
ئێمە عومرمان تاسەر
ئەندێشەیە و دەردی سەر؛
ترسە و تاسەیە و پرسیار
یەك لەشوێن یەك : سەد ، هەزار:
بۆچی زاین ؟ کەی، بۆچ ئەمرین ؟
چیمان لێ دێ کە مردین ؟
چی راستە ؟ چی درۆیە ؟
کام شت ئەنجام ؟ کام هۆیە ؟

یا تەنانەت بۆچ ئەگرین ؟
فرمێسک لە چاو بۆچ ئەسڕین ؟
ئیتر لەم چەشنە پرسیار ،
یەك لە شوێن یەك بە قەتار :
ئەمیان یەخەمان ئەگرێ،
جوابی ئەممان پێ نادرێ،
ئەوی تر دێتە پێشێ
ورد ورد گیانمان ئەکێشێ! ..

- - -

ئەی بلبل! هەژار خۆمان،
بێ دەستەڵات، پڕ گومان،
بە دەشتی ژینا وێڵین،
لەو جێگایەی جێی دێڵین،
هەچ کوێ ئەچین بیابانتر ...
جێگای ترس و گومانتر ...
ئەی وەستای بەستەی شیرین!
ئێمە هەتاکو ئەمرین،
یا ئەپرسین، یا ئەگرین،
ئیتر چلۆن بخوێنین،
وەك تۆ، وەك گشت سەرخۆشێ
پیاڵەی دڵخۆشی نۆشێ ؟! ...

Percy Byssche Shelley 1792-1822

To A Skylark 1820

Hail to thee, blithe Spirit!
Bird thou never wert,
That from Heaven, or near it,
Pourest thy full heart
In profuse strains of unpremeditated art.

Higher still higher
From the earth thou springest
Like a cloud of fire ;
The blue deep thou wingest,
And singing still dost soar, and soaring ever singest.

In the golden lightning
Of the sunken sun,
O'er which clouds are bright'ning,
Thou dost float and run ;
Like an unbodied joy whose race is just begun.

The pale purple even
Melts around thy flight ;
Like a star of Heaven,
In the broad daylight
Thou art unseen, but yet I hear thy shrill delight.

Keen as are the arrows
Of that silver spheer,
Whose intense lamp narrows
In the white dawn clear
Untill we hardly see __ we feel that it is ther.

All the earth and air
With thy voice is loud.
As, when night is bare,
From one lonely cloud
The moon rains out her beams, and Heaven is overflowed.

What thou art we know not ;
    What is most like thee ?
From rainbow clouds there flow not
    Drops so bright to see
As from thy presence showers a rain of melody.

Like a poet hidden
    In the light of thought,
Singing hymns unbidden,
    Till the world is wrought
To sympathy with hopes and fears it heeded not ;

Like a high-born maiden
    In a palace-tower,
Soothing her love-laden
    Soul in secret hour
With music sweet as love, which overflows her bower :

Like a glow-worm golden
    In a dell of dew
Scattering unbeholden
    Its aëreal hue
Among the flowers and grass, which screen it from the view!

Like a rose embowerd
    In its own green leaves,
By warm winds deflowered,
    Till the scent it gives
Makes faint with too much sweet those heavy winged thieves ;

Sound of vernal showers
    On the twinkling grass,
Rain-awakened flowers,
    All that ever was
Joyous, and clear, and fresh, thy music doth surpass :

Teach us, Sprite or Bird,
    What sweet thoughts are thine :
I have never heard
    Praise of love or wine
That panted forth a flood of rapture so divine.

Chorus Hymeneal,
Or triumphal chant,
Matched with thine would be all
But an empty vaunt,
A thing wherein we feel there is some hidden want.

What objects are the fountains
Of thy happy strain ?
What fields, or waves or mountains ?
What shapes of sky or plain ?
Whar love of thine own kind ? what ignorance of pain ?

With thy clear keen joyance
Langour cannot be :
Shadow of annoyance
Never came near thee :
Thou lovest __ but ne'er knew love's sad satiety.

Walking or asleep,
Thou of death must deem
Things more true and deep
Than we mortals dream,
Or how could thy notes flow in such a crystal stream ?

We look before and after,
And pine for what is not :
Our sinderest laughter
Whith some pain is fraught ;
Our sweetest songs are those that tell of saddest thought.

Yet if we could scorn
Hate, and pride, and fear ;
If we were things born
Not to shed a tear,
I know not how thy joy we ever should come near.

Better than all measures
Of delightful sound,
Better than all treasures
That in books are found,
Thy skill to poet were, thou scorner of the ground!

Teach me half the gladness
That thy brain must know,
Such harmonious madness
From my lips would flow
The world should listen then __ as I am listening now.

وەرگێڕانێکی هەردی لە ئینگلیسی : **فەلسەفەی دڵداری — شێلی**

کە جۆگە تیکەڵی چەم بێ و چەمیش تێکەڵ بە دەریا بێ

شەماڵیش پڕ لە هەستی بێ و نیە شت تاك و تەنیا بێ

بە قانوونی خوا ئەشیا ئەبێ تێکەڵ بە یەکتر بێ

ئیتر بۆچی من و تۆ تێکەڵی یەکتر ببین نابێ

کە کێو و کەژ بکەن ماچی هەموو ئاسمانی بەرزو شین

شەپۆلیش هەروەکو دڵدار لە مل یەك دەستی ئاڵابێ

ئەبەد نابێ کە خوشکی گوڵ برای دەرکات و لێی دووربێ

کە تیشکی ڕۆژ زەمینی هەر وەکو دڵبەر لە کۆشا بێ

ئەوا مانگیش ئەکا ماچی بەحر ، گەر تۆش نەکەی ماچێ

هەمووی بێ کەڵکە ئەم ماچانە، بێ تۆی فائیدەی نابێ

Love's philosoph Shelly

I

The fountains mingle with the river
And the river with the Ocean,
The winds of Heaven mix for ever
With a sweet emotion ;
Nothing in the world is single ;
All things by a law divine
In one spirit meet and mingle.
Why not I with thine ? ___

II

See the mountains kiss high Heavens
And the waves clasp one another ;
No sister-flower would be forgiven
If it disdained its brother ;
And the sunlight clasps the earth
And the moonbeams kiss the sea ;
What is all this sweet work worth
If thou kiss not me ?

لەگەڵ ئیوە عاشقان دامەنیشە، هەڤاڵتیی ئیوە هەڤاڵان مەکە، نووسینی ئیوە نووسەران مەخوێنەوە، ئیوە ژیان مەژی و، ئیوە مردن مەمرە، لە ئیوەی حەقیقەتدا مەوەستە، ئیوە خەون مەبینە، ئیوە هیوادار مەبە؛ ئەگەر بێدەنگ بوویت ... تا کۆتایی بێدەنگ بە و، ئەگەر گوتیشت ... تاکۆتایی بڵێ، بۆ ئەوە بێدەنگ مەبە تاکو بڵێیت و ، بۆ ئەوە مەڵێ تاکو بێدەنگ بیت .

ئەگەر شتێکت بەدڵ بوو بڵێ کە بەدڵتە و لافی هەر ئیواوئیو بەدڵبوون لێ مەدە و، ئەگەر قەبووڵیشت نەبوو ... بڵێ قەبووڵم نیە، چونکە ئیوە قەبووڵکردن دەکاتە قەبووڵکردن . ئیوە، بریتیە لە ژیانێك کە نەژیاویت، وشەیەکە کە نەتگوتووە، زەردەیەکە کە دواتخستووە، خۆشەویستییەکە کە پێی نەگەیشتوویت، هەڤاڵتییەکە کە نەتبووە .

ئیوە، ئەو شتەیە کە تۆ لە نیزیکترین کەست دەکاتە غەریبێك و،نیزیکترین کەست لێ دەکاتە غەریبێك .

ئیوە، ئەوەیە کە بکەیت و نەکەیت، بکەیت و نەکەیت، لەوێ بیت و لەوێ نەبیت . ئەوەیە کە تۆ هەم لەو شوێنە و هەم لە شوێنێکی تر بیت .

ئیو خواردنەوە تینوویەت ناشکێنێت و ،ئیو جەم تێرت ناکات، ئیو ڕێگا ناتگەیەنێتە هیچ کوێ، ئیو هزر نەتیجەت ناداتێت . ئیوە، لەحزەیەکی نەتوانایە .. بەڵام تۆ نەتوانا نیت چونکە ئیوە مرۆڤ نیت .

تۆ مرۆڤیت، بۆ ژیان هاتوویتە ئەم دنیایە، نەك ئیوە ژیان . حەقیقەتی مرۆڤ ئەوە نیە کە پیشانی دەدات، ئەوەیە کە ناتوانێت پیشانی بدات، لەبەرئەوە گوێ مەدە ئەوەی کە دەیڵێت، گوێ بدە ئەوەی کە نایڵێت .

---

جبران خلیل جبران (١٨٨٣- ١٩٣١) بلیمەتێکی لوبنانی و دواتر ئەمریکاییش، بە عارەبی و ئینگلیسی شاعیرو نووسەرو، نیگارکێش و پەیکەرتاش .

من باشم لەیادە کە لە دەرسی خوێندگەی ناوەندی، باسی ئەوە هەبوو کە جبران مووسیقاریش بووە، بەڵام من ئێستا ئەوە لە هیچ سەرچاوەیەکدا نابینمەوە . وێنەی پیشانگای نیگاری کە کێشاونی و، پەیکەری کە تاشیونی لە ئینتەرنێتدا هەن، بەڵام من باسی مووسیقادانانیم تێدا نەدۆزییەوە .

ئەمە شیعرێکی پیرەمێردە، نازانم چەند کەس هەن مانای هەموو وشەکانی بزانن، چونکە ئەوە کوردییە . خەڵك، بە تایبەتی کوردی شارستان، لەکوێ بیزانن ؟ مەگەر شیعری وەها لە خوێندگەکانی هەرێمی کوردستان فێری کیژو لاوانمان دەکرێن ؟ مامۆستا تێیاندەگات و وشە بە وشەیان بۆ مانالێدەداتەوە ؟ دە سا من مانای هەموو وشەکانی نازانم، سەیری فەرهەنگیشم کردووە و هێندێك وشەم هەر بۆ ساغ نەبوونەوە .

وا دیارە زمانی کوردی زمانێکی یەکجار زۆر جوان و خۆشە، بەڵام کە نەیزانین، بە چی دەچێت ؟ ئیمە زمانی خۆمان هەیە : " مەعنەویاتی ماینەدەی بەرخودانی جەژنی قوربانی لە ئیستادا بە پارادۆکسی پێچەڵپێچی تایبەتمەندێتیێتیی ئیسلامیی دیموکراتیکی میسۆپۆتامیای ..."، کە فڕی بەسەر زمانی کوردییەوە نیە، زمانی " کوردەکان" هێشتا هەر تەنیا ئەوەی دێهاتییەکانە، کە ئێمە نایزانین . ئێمە نە کوردییەکەی ئەوان دەزانین و، نە خۆشمان لە شارستان توانیومانە زمانێکی کوردیمان هەبێت، بەڵام خۆ ناکرێت کۆڵ بدەین وهەوڵی فێربوونی نەدەین . ڕەنگە یەکەم هەنگاوی پێویست ئێستا ئەوە بێت بکەوینە سەر میزاجی جوانی ئەو زمانە، بزانین کە نایزانین و، لە نەتیجەدا هەوڵ بدەین، بەشێکی بە هانابردنە بەر دێهاتییەکانمان، کە فێری ببین و، بۆ پێداویستی ژیانی شارستانیش، لەجیاتی وەرگێڕانی حەرفیی زمانی داگیرکەرانمان، لەم زمانەی دێهاتی خۆمان هەڵێنجین و، کوردیی پێدوایستی هەموو مەیدانێکی ژیانمان پەرە پێبدەین .

جاران دە ڕۆژ بە هەچە هەچە و بارەبەریەوە
شەستە ڕەهێڵە و لیزمە و باران و تەڕیەوە
ڕۆژ باپەڕی وڕێنەی شەو ڕاپەڕین، تەکان
باویشکی لەرزو باڵەفڕی، چۆقەچۆقی دان
ترسی تەریدە، خەرجی سوار، شەوفڕین دز
دەستباوی باری کەوتوو لە جێگای خلیسك و خز
ئەرکی گزیرو خانەبگیر، موریانی نوێن
بۆڵەی کەبانوو، خرسی قەتارچی، پلاری جوێن

چەنگ سووتەکی بە ناو، کەرووی نوردوەنانی کۆن
جـووتە و لـەقـەی تـەویلە و، هاڵاوی تەرس و بۆن
ئـاگری تـەپاڵە، لوکسی گزگل، گـەفینی سـەگ
دەستەویەخەی قەتارچی لەسەر کا و شەڕەکوتەك
سیخورمە و نقورچکی بە هەڵساندن و پەلەی
لۆقە و تریسکەی ئێستر و بازدانی جۆگەلەی
لاسـەنگی بار وەرە، بـەرە پارسـەنگی قورسییەکـەی
خۆ کەوتی، پێت لە خڕکە چوو، لەو دەشتە چی ئەکەی ؟
هێجـگار کە ئـافرەتت لەتەکابوو بە تـرسـەوە
هەر سوارێ دەرکەوێ، ئەڵێی ئای جەردەیە ئەوە
باج و پیتاکی زەنـگەنە، گیروگرفتی جاف
تووشی ڕەباتی بێی، ئەوە خنکانە بێ تەناف
بەم کوێرەوەرییەوە و کوولەمەرگی و بە چڵکەوە
سێبەندە وەرگـەڕاو و بە سـەرو ریش کوڵـکەوە
ئینجا چـوویتـە شـارەوە ناومالّی عاسمەخان
دووبارە ئەیشەکاندییەوە باجگر بە بێ وچان
ئێستا سوای ئـۆتومبیل بە و بە سێ سـەعات
ئەتباتە سەر شەمەندەفەر و دەستوبرد کە هات
سوار بە، بنوو، بەیانی لە خەو هەستە زووبەزوو
بـەغدایە هـات بە پیرتەوە ئـەیبینی ڕووبـەڕوو
جاران ئەیانگوت ئەو وەلییە تەیی ئەرز ئەکا
پێچانەوەی زەمین نیە، فەن کاری بەرز ئەکا
کاتێ کە هات، برووسکە خرایە تەلێکەوە
هێنرایە ژوورەوە و لە چرای هەر پەلێکەوە

جوانتر لە مانگەشەو دەرو ژوور روونکرایەوە
تاریکی لاچوو، تێگەینی ئێمە مایەوە
ئەوسا ئەبێ بزانین ئەمانە لەکوێوە هات
ئەم خاکە چۆن لەخوارەوە وا رۆژی لێ هەڵات
ئیتر ئەبێ بە رابەری زانستی تێ بگەن
چییتر لەمانە چاکترە بۆ بەرزییەتیی وەتەن
لام وایە خوێندەوارییە، ئاه خوێندەوارییە
هەر تیرەیەک کە بێ هونەرە دەردی کارییە
ئاخ خۆزگە خوێندنیش وەکو من ئارەزووی ئەکەم
بیبینم و نەبێتە گرێی قورسی کفنەکەم

هەژار، چەند پێشەکییەکی کتێبانی نووسیون، کە من لەوانە پێشەکییەکورتەکەی" دیوانی سیف القضات"ی بە جوانترین نووسینی سەرتاسەری ژیانی دەبینم . هەژار، بەجۆرێك شەکری بەیتی تێدا کردووەتە شیری پەخشانەوە، پێشەکییەکەی پێ" رەگ بە رەگ، ئێسقان بە ئێسقان، موو بە موو" کردووەتە کوردییەك، کە زۆر لە دنیای پیرە-مێردی نیزیك دەکاتەوە . ئەوەشی بۆ دیوانێك نووسیوە کە جوانیی زمانی کوردی تێدا، وەکو خیزو چەوی کانیاوە روونەکەی گۆران دیارە، کە چاوی قرژاڵی لەبەر هەڵنایە .

چەند دێرێك لە هەرتکیان، پێشەکییەکەی هەژار و شیعرەکەی سەیف، بە هێندێك دەستکاریی رێنووسەوە :

## من سەیفم چۆن دیوە ؟ هەژار

نازانم، لە ئێوەی بەڕێز، کێ خانەقای شەرەفکەندی، وەکو من دیتوومە دیوە و تیا ژیوە . بە دەردی مام هێمن فەرمووی " وەکو گەمیەی عەزرەتی نووح، لە هەموو دەستە و تاقم و توخم و تۆمەی تێدا کۆمە" . لە بۆرەپیاو، لە خاوەن ناو، نەزان، زانا ،بێهێز، توانا ، سەعید ، ئۆمی، خەڵکی وشکارۆ و گوێجۆمی؛ ئیتر سەرتان نەهێشێنم، هەرکەسێکتان لە مەڵبەندی موکریاندا و لە موکریان ئەولاتریش بوێ کە چاوتان پێ بکەوێ، وەرنە ئەوێ،خەمتان نەوێ تووشتان ئەوێ وە تووشیەوە ... جا یا هەر نیشتەجێی ئەوێن، یان بۆ زیارەت و متفەرك دێن و چەندێك دەمێننەوە .

هێمن و من، دوو منداڵی کرچ و کاڵی لەڕو قرخن، بەتەمەن دە- دوازدە ساڵ بووین . لە خانەقا گەیبووینە یەك . ناخێری‌گیانمان بخوێنین . خوێندنی چی ؟ دووی گێل و حۆلی پەڕبلاو( ..) سوێندی کەسم لەسەر نیە، ئەگەر بڵێم تلّپاتی تەڕیش فێرنەبووین؛ نیسکێك درۆی تێدا نیە، ماڵم هەقە، لە ترێ دزینی ناو رەزی، لە پەللار دە داران گرتن، لە راوی دووپشك و ئەسپێ و کێچ و جووجە و، قورشێلان و هێلکە لە هێلانە دەرهێنان، هیچ کەس تۆزی نەدەشکاندین . بۆ نەگبەتی، هێمن وەشیعرهاتبوو،هەر وا کارەگاری دەهات؛ جاروبارە شیعرێکی نیوە وڵووکەی خواری لاپانی دادەنا، بە فیزەوە شانی دەدام، یانی ها بمناسە من چیم! (..)

جارێك، پیاوێکی زۆر ماقووڵ هاتە زیارەتی خانەقا. کەوای شۆڕی مەلایانەی دەبەردا بوو، مێزەرەکەی ئاخوندانە لە دەوری سەر هەڵپێچابوو، عەبایەکی سورمەیی بەسەر شانەوە، قوڵە گۆچانێکی جوانی حەیزەرانی بەدەستەوە، تا خوا حەزکا جوان و بە سەروسیما بوو، پێیاندەگوت " سیف القضات" . (..)

لە نـزیك خۆیەوە داینایـن، تـەواو رووی خۆشـی نیشـان داین. هێمنی دواند، گوێی بۆ نموونەی شیعری گرت. فـەرمووی " تۆ تەبعت مەوزوونە، لە دوارۆژا دەبیە شاعیر". رووی کردە من (..) .

نازانم خەڵك دەربارەی بەرهەمی سەیف دەڵێن چی. بەڵام من، بەش حاڵی خۆم، بڕوام وایە، ئەگەر سەیف هەر تەنیا " سـاڵی قـڕان"ی نووسیبایە و هیچی تر نـا، دەرگای هەر مان و نـەمریی وەك ئەدیبێکی گەورەی کورد بەڕوودا کراوەتەوە و، لە لای شاعیرە مەزنەکان پاڵپشتی بۆ دانراوە .

## قڕانی ١٣١٤        حەسەن سیف القضات

بۆ عەزیز ئاغای کولتەپە

عەزیز ئارەزووت زۆری بۆ هێنام  
فرمێسکم سوور بوو، زەردی رووی لێنام

(..)

داری مێشە و باغ بەفر داپپۆشین  
پـاك دەڵێی مردوون کفنیان پۆشـین

کەوی کوێستانان لە قاسپە کەوتن  
بێهۆش بوون یاخۆ خەویان لێ کەوتن

چیرە و جریوەی چۆڕە و چـۆلـەکـە  
نـایە و نـەیانما هێـلانـە و هێلکـە

لەگلەگ لەگەل کەوت نەما تەقتەقی  
سێرووش لە سیرە و فیتوو و چەقچەقی

پـاك پەشیمانن لە بۆ گـەرمێنێ  
بۆچ دەهـاتنەوە عـەمرو نـەمێنێ

قـاز لە شـەتاوان، قـارەی لێ بڕا  
دوڕنای چـۆماوان زوڕنـای لێ دڕا

لە درزی عەرزی هەوێردە دامان  
بێهۆش بوونەوە سڕبوون لە سەرمان

وشك بوو دوویشك ئەو کوێری ناڕاست  
مشك کونی خۆی بە ئاوات دەخواست

لەسەرمان سەیان کیسەڵ و رەقـە  
بردە بەر خۆیان بێ تـەقە و رەقـە

بۆق کە دەیقیپراند دەوێی کردەوە کـەریـش زەڕینی لە بیربـردەوە
مار پۆپەکەی خوارد خۆی دەخۆڵ دەگرت توێژی کۆن و نوێی دەبەرخۆی دەکرد
ڕێوی کەولی خۆی ئاوەژوو دەکرد ژووشك کەولی مووی ئارەزوو دەکرد
لە بن بەردانمان هەر سەرمازەڵە لە باغ و باغچان قەل و قشقەڵە
لاڵ بم نابینم لە چیا و لە رازان زیرەی هەڵۆیان چریکەی بازان
پووشی داپۆشی، داڵدەی پاك بڕی کەروێشکیش ریشەی پاكکرد و بڕی
بەفری بێ وەعدە رەشانگی بڕی رەشانگ و سپی پاکیان سەربڕی

(..)

هێنـدە لاوازن مـەڕو ماڵاتـیـان قوربانی ناکرێن، نـادرێ زەکاتیان
گا ،لەبەرکزی، هەڵناگرێ نیری نە مەڕ ماستی ما، نە مانگا شیری
لۆك چەمبەرەی بوو، ماین مشمشە گا گوێ ڕەپەی گرت، گامێش خشخشە
کەڵ و گامێشیان بوونە چەکچەکی وشتریان بە عەین بێچووی لەگلەگی
لەبەر بێهێزی لە ترسـی سـەرما پشتێندیان بەستن، هـەمووی جلکرا
بزن و مەڕ رووت بوون وەك سوورەساقە یەك دانوو دەیکوشت، یەك بەلەباقە
نـایە فیتەی شـوان لەسەر شەوێنێ مێگەلان چێشـتان لەکوێ دەنوێنێ
کوان شەنگەبێری لە چیا و لە کوێستانان شـڵقەی مـەشکەیان نەری بـەیانان

(..)

قـەدو بـاڵایان وێنەی نـەمامان کێ دی نەمامان بگرن شـەمامان

(..)

کوێر بم نـابینم خێڵ بەرەوخواران تەقڵە و رمبازی و هەوهەوی سواران
دێهاتی لێکدەی چادرو هۆبانی دەسنـاکەوێ ڕۆن بۆ چڵکسانی
وەدەس ناکەوێ ماست بۆ هەوێنی دۆی هـەڵگریـەوە یا بیـکوڵێنی
کای زەردو رزیو بە لیرەی سوورە وێنجەی رەش و سوور پێستی سەموورە

حەیفە میللەتێك شەش هەزار ساڵ بێ    نۆکەری ماڵان رووت و رەجاڵ بێ

(..)

دەردی دڵ دەکەم کورت و کرمانجی    حەسەن کرمانجە چی لە دیلمانجی

(..)

چەند دۆستیخۆشەویست، لەم رۆژانە، لە فەیسبووکدا، باسی شیعری" صباح الخیر یا خانم"ی" مەلای جزیری" یان کرد . دەقی ئەسڵەکەیان بڵاوکردەوە و، پرسیاری وەرگێڕانەکەی هەژاریان کرد . هەژار، لە شەرحەکەی مەلای جزیریدا، زۆرتر،هەم وشەوهەم تەواوی دێڕە شیعرەکانی مانالێداونەوە . کارێکی زۆر چاکیکردووە،دەستەکانی خۆش بن . هێندێك قسەی شاعیرانیکۆن هەن کە من ماناکانیانم تەنیا هەر لەم شەرحەدا دیتوون و، سەرچاوەیەکی تر بۆ مانایان شك نابەم .

بە بۆنەی دیتنی تێبینیی ئەم دۆستانەوە، سەیرێکی ئەم " صباح الخیر یا خانم" ـەم کردەوە و، هەرتکیان، هەم شیعرەکەی مەلای جزیری و هەم ئەوەکەی هەژارم سەیرکردن، پێم یەك لە یەك جوانتر بوون . بەڵام کە بێتە سەر " مانالێدانەوە" و" وەرگێڕان"، نازانم ئەو کارەی هەژار لێرەدا چەندە دەکرێت وای پێ بگوترێت . هەژار، بۆ مانای وشەکانی هەموو شیعرەکە، لیستەی ئەم وشانەی داوە و مانالێداوەتەوە : « صباح الخیر، شەهی، خانم، پەیوەندی، ئەنی، وەلێ، بەلێ، نائێخمێ، ضەرب، عەبدال، سەرسال، قەرقەف، پێشبەر، مەسند و پال » و هیچی تر،کە ئەوە بەشی مانالێدانەوەی هەموو شیعرەکەی مەلای جزیری ناکات .

شیعرە جوانەکەی هەژاریش، کە رەنگە لە چوار بەشی شیعرەکەی مەلای جزیری، وەرگێڕانی یەك بەشی وەخۆ-گرتبێت، هەرچەندە کارێکی ئەوپەڕی رەوا و زۆر جوانی کردووە، بەڵام هەر دەبێت ناوێکی تری غەیری وەرگێڕانی بۆ بدۆزرێتەوە، چونکە ئەوە لەگەڵ وەرگێڕاندا دەرناکات .

من، سەرەتا، بەشی یەکەم و دووەمم لە نێو بەشی هەردوو شیعرەکە، لە رووی مانالێدانەوەی وشە و مەبەست و وەرگێڕانیش بەراوردکردن، بەڵام ئیتر وازم لێ هێنا؛ ئەو کارە بۆ خوێندکارانی زمان و ئەدەبیاتی کوردیی خوێند-گەکان لێدەگەڕێم . دەقی شیعرەکەی مەلای جزیری لە فەیسبووکدا هەیە، منیش لێرە دەقی شیعرەکەی هەژار دەخەمە بەرچاو، کە ئەمیش وەکو شیعرەکەی مەلای جزیری، دیارییەکە بۆ هەر دڵدارێکی کورد، کە بەیانیانە پێشکەشی دڵبەری بکات و، ئەگەر لە دڵبەریشی دووربێت و، رێگای پێوەندیی ئەلەکترۆنیی ئەم زەمانەی لەبەر-دەستدا بێت، بەیانیانە شتێکی لێ لەو رێیەوە بە دڵبەری بگەیەنێت . شیعرەکە پڕ لە رووحی فۆلکلۆرە، مانا و وێنە شیعرییەکانی زێدە سادە و هەتا بڵێیت پڕ لە ئارەزوون . من کە سەیری دەکەم، بە خەیاڵ دەمباتەوە دێهاتی کوردەواری، ئەوەندەی لام سادەن، ئەوەندەش لام تەڕن . بە هەستی من، تەنانەت لە تەڕییدا شڵپەیان دێت .

# بەیانی باش

١

بەیانت خۆش و گەش خانم　　کزە و هیوای دڵ و گیانم
لە بسکتدایە تای ژیانم　　ئەوینت بۆتە ئامیانم
بڵێم تۆ چەندە شیرینی؟!　　نە وەك قەندی نە هەنگوینی
ئەتۆ گیانی، ئەتۆ ژینی　　ئەتۆم هێزی، ئەتۆم تینی
بەقوربات دەکەم گیانم　　بەیانت خۆش و گەش خانم
وەرە رووناکیی چاوانم　　ببینم بەژن و باڵاکەت

٢

لە مەستیی چاوەکەت مەستم　　نەما هۆش و برا هەستم
بە ناز و غەمزە ناوەستم　　بە خێری خۆت وەرە دەستم
لە جوانیت بوویە پیری من　　ئەوینتە دەستگیری من
تەنێ هەر تۆی لە بیری من　　ئەتۆی سەردارو میری من
پەنای بۆ من کەسی بۆ من　　ئەتۆ فریارەسی بۆ من
خەنیم تا تۆ هەسی بۆ من　　لە عالەم تۆ بەسی بۆ من
گراوی داوی کەزیانم　　بەیانت خۆش و گەش خانم
وەرە رووناکیی چاوانم　　ببینم بەژن و باڵاکەت

٣

دڵم بەربێ لە کەزیانت　　رەها نابم لە چاوانت
لە پەنجەی ناسك و جوانت　　گرم گرت بوومە شەمدانت
ئەویندارێ ژیانتاڵم　　پەپوولەی روومەتی ئاڵم
گڕی تێچوو پەرو باڵم　　دەسوتێم ناشێ بشناڵم
لە تاوان بێ سەرو زمانم　　بەیانت خۆش و گەش خانم

وەرە رووناکیی چاوانم ببینم بەژن و باڵاکەت

٤

خودا، لەو بەژن و باڵایە لە ناو ئەو ئاڵ و واڵایە
پشێویی خستە دنیایە دڵم پۆلووی لەنەربایە
گڕێکی خوا لە طوور، جارێ کە مووسا دی لەسەر دارێ
ئەمن دیتم لە تالارێ دەسا چۆن ئۆقرە ناتارێ
لە تینی دینی بریانم بەیانت خۆش و گەش خانم
وەرە رووناکیی چاوانم ببینم بەژن و باڵاکەت

٥

شەوەی بسکۆڵ و کاکۆڵی سپێدەی لا مل و قۆڵی
بەروسینگی سپی و سۆڵی پەل و پووزی خڕو خۆڵی
لە هەرلا ریزی بشکۆژی کڵاوی زێڕ لەسەر رۆژی
دەدەن پرشنگ و تیرۆژی دڵم هەر دەستی دەکرۆژی
وەکو دڵ خانەوێرانم بەیانت خۆش و گەش خانم
وەرە رووناکیی چاوانم ببینم بەژن و باڵاکەت

٦

لە شۆخی و ناسکی و شەنگی لە چاوی مەست و سێوەنگی
پەریزادیش پەڕی رەنگی روحم کەوتە نەفەس تەنگی
کەزیت وەك ووتە رەشمارن برۆت وەك شیری مووکارن
مژۆڵت تیری پەڕدارن بەرەو جەرگم سەرەوخوارن
بە برژانگانە برژانم بەیانیت خۆش و گەش خانم
وەرە رووناکیی چاوانم ببینم بەژن و باڵاکەت

٧

له رۆژی جێژن و سەرساڵان    کە داروودەستە لێتهاڵان
بپرسە حاڵی نێ حاڵان    بفەرموو بێنە دیار خاڵان
چ ناقەومێ ئەگەر وابێ    یەقینم کابە کەچ نابێ
ئەوەندەت با لە رای خوا بێ    دەگەڵ دڵدار دڵت چا بێ
نەماوی وردەخاڵانم    بەیانیت خۆش و گەش خانم
وەرە رووناکیی چاوانم    ببینم بەژن و باڵاکەت

٨

لە بادەی بەردەمیم روانی    لە وێنەی روومەتی جوانی
دڵم بووراوە ئەوعانی    لە هۆش خۆم چووم لە رامانی
لە وێ رۆژێوە بێ هۆشم    پەرۆش و مات و خامۆشم
وتم رازێکە دەیپۆشم    بەڵام هەیهاتە تێکۆشم
بە سەرخۆشی چ دەتوانم؟    بەیانیت خۆش و گەش خانم
وەرە رووناکیی چاوانم    ببینم بەژن و باڵاکەت

٩

بزەی ئەو تەنکەلێوانە    شیفان بۆ شێت و دێوانە
لەرەی ئەو شەکرە سێوانە    لە گش ئازارێ هەتوانە
نەخۆشی چاوی بە خومارم    بە نازانت برینداارم
مەلای ژاری بە ئازارم    دەبا نەمرم بکە چارم
لە دەستتدایە دەرمانم    بەیانیت خۆش و گەش خانم
وەرە رووناکیی چاوانم    ببینم بەژن و باڵاکەت

قانیع، بەگوێرەی دیوانێکی کە لەبەردەستی منە*، ناوی محەممد و، کوڕی شێخ عەبدولقادری خەڵکی مەریوان بووە . ساڵی ١٣١٨ی کۆچی ( ١٩٠٠- ١٩٠١)* لە گوندێکی شارەزوور لە دایک بووە و، ١٩٦٥/٥/٧ لە گوندێکی شلێری ناوچەی پێنجوێن کۆچی دوایی کردووە .

من ساڵی ١٩٥٨ یا ١٩٥٩ بوو کە بۆ جاری یەکەم دیتم . هاتە دووکانی هەژار لە بەغدا و، هەژار وێنەی گرت . کە دواتر تاریخی لەدایکبوونیم دیت، سەرم سوڕما، چۆن قانیع ئەوسا تەمەنی ٥٨ یا ٥٩ ساڵ بوو ؟ لەکاتێکدا کە من پێم وابوو حەقەن سەرووی ٧٥ ساڵ دەبوو . جاری دووەم و دواجاری کە دیتم، پێم وایە ساڵێک پێش کۆچی دوایی بوو ،کە لە بەغدا میوانی خزمێك یا ناسیاوێکی بوو، ئەوسا تەمەنیم بە سەرووی نەوەد ساڵ دەهاتەبەرچاو .

قانیع، بە شیعری خۆی، بە هەڵوێستی نەتەوەیی و چینایەتیی، پتر لە نەسلێکی کوردی، دێ بە دێ و شار بەشاری زۆر مەڵبەندی کوردستانی پەروەردەکردووە . قانیع، هەمیشە" بە بێ سانسۆر" بیروباوەڕی خۆی لە ئاست خۆیی و بێگانە دەربڕیوە . قانیع لە گەورەپیاوانی مێژووی کوردە . نازانم ئایا هیچ پەیکەرێکی بۆ دروستکراوە، یا کوێی بە ناوکراوە، یا قەومەکەی چەندە پێی بەوەفا بووە . ئەوەندەی من لێرەوە دەیبینم، هەستی ئەوەم دەداتێ هەقی خۆی نەدرابێتێ . خوابکات لەوەدا هەڵەم کردبێت .

## بەشێك لە " ساقینامەی قانیع "

| | |
|---|---|
| دە ساقی بە حەقی پیاڵەی شەراب | بە جەرگی پڕووزاوی هەر وەك کەباب |
| دەروونم لە خەم کەیلە،کەللەم لە تەم | جگەر پڕ لە زووخاو و دڵ پڕ لە غەم |

---

* قانع بەشی یەکەم لە : پاشەرگە وە گوڵاڵەی مەریوان، وریا قانع، چاپخانەی ژین، سلێمانی، ١٩٧٠ ,

** من سەرەتا بە مەزەندە بە نێوان هاوینەکانی ئەو دووساڵەم نووسیبوو، دوایی کە لێی وردبوومەوە، دیتم یەکەم رۆژی ساڵی ١٣١٨ی کۆچی( ی مانگی) دەکەوێتە سێشەممە ١٩٠٠/٥/١ و دوا رۆژەکەی شەممە ١٩٠١/٤/١٩(ساڵەکە ٣٥٥ رۆژ بووە) . بۆ ئەو وردنەبوونەم داوای لێبوردن دەکەم . خاڵە شەهاب خەلیلیی خۆشەویست دەڵێت سەرچاوەی لای ئەو لەدایکبوونی قانیعی بە ١٨٩٨ باسکردووە .

بشۆرە بە مەی چڵك و ژەنگی دەروون
چ مەی ؟ وەك چرای نوور رووناك و روون

(..)

دە ساقی بە میحرابی هەردوو برۆت
بە نازو گرشمەی دوو چاوانی خۆت

ژمارەی پیاڵەم مەکە تا بەهار
نەچی، با بچێتە هەزاران هەزار

سەرم مەست کە با سووری مەستانە دەم
دەمم تەڕکە با نوتقی مەردانە دەم

(..)

دە ساقی بە حاجەت رەزی لانزار
بە زەردی خەزان و بە سەوزی بەهار

من و خۆت و مەجلیس بە مەی داگرە
کە مەستی لە سستی گەلێك چاترە

دووگوێم پڕکە پەی پەی لە قەهقاهی جام
شەکر دە، وەکو تووتی بێمە کەلام

شەرابێ کەرەم کە پیاڵەی لە نوور
نەوەم پشت بە پشت مەست بێ تا نەفخی سوور

(..)

دە ساقی بە خاتر شەرابی دروست
بە نەشئەی سەری لاوی میللەتپەرست

هەتا چنگ و چاڵی شەهبازی مەرگ
لە سینەم سەری هەڵنەداوە لە جەرگ

بڕێژە لە بارانی مەی سوبح و شام
زڕەی ئیستیکان و جەلاجیلی جام

وەها سەرخۆشم کە بە سەیرانی گوڵ
لە مەستییم دووسەد مەرگ مات و خەجڵ

(..)

وەها بم کە ئاگام نەبێ قەت لەخۆم
کە خەم هات بە سەربەستی من خەم بخۆم

چ خۆشە بە مەستی بناڵێنی شەو
چ خۆشە نەترسی لە ئەم یا لە ئەو

بە گەرمیی سەرم با بسووتێ وڵات
بە شووری دڵم شێت ئەکەم کائینات

سەدایێ بخوێنم بە سۆزی گرین
مەلایك بڵێن سەدهەزار ئافەرین

دە ساقی بە عەشقی سەری پڕ هەوەس
بە یادی برۆی چەوت و چاوانی مەس

(..)

بیارێنە بەحری سەخا و کەرەم
لەسەر دەرکە میحنەت، لە دڵ دەرکە هەم

(..)

یادێکی قانیع

مـقـامێ بڵێ خـوێـنـی دڵ بێتە کـوڵ
که یادی زەمانەی قەدیم بێتە دڵ

چ خۆشە سەدای موزیك و چەنگ و نەی
چ خۆشە من و ساقی و یار و مەی

(..)

کە مردم وەکو شێخی سەعدیی قەدیم
لە ژێر خاکەدا ئەبمە عە زمی رەمیم

نـە ئێسـتە ئـەزانن کە من چیم و کێم
نـە کەس قابیلە پێ بنێ جێگە پێم

" لەبەر چاومە

دواجار من و تەنهای پێکەوە دەمێنینەوە

ئەو ئاگری جگەرەکەی دەکوژێتەوە و

منیش بۆ هەتا هەتایە

ئیتر ئەنووم! ..."

ئەمە شیعرە ؟

بەڵێ، حەقەن شیعرە .

چۆن ؟

بەلای کەم بە دوو بەڵگە :

یەکەم - لای ئەو هەمووە خەڵکە شیعرە، کەواتە شیعرە . بە هەمان شێوەی کە هەر وشەیەك لە هەر زمانێکدا ناوی شتێکە کە هەموو مرۆڤانی بە ئەو زمانە وەکو یەك وای پێ دەڵێن . کە بە کوردی بە حەیوانێك گوترا" بزن "، ئیتر ئەوە حەقیقەتیکە کە ئەوە لای کورد " بزن"ـە . کە کورد بە زمانی خۆیان بەوە بڵێن شیعر ، مانای ئـەوەیە کە ئـەوە شیعرە .

دووەم - بە هـەمان بـەڵگەی یـەکەم، شێرکۆ بێکەسیش شاعیرە، ئـەمەش، بەگوێرەی فەیسبووك، بەرهەمی ئەوە، بەرهەمی شاعیریش شیعرە .

بـەڵام ئەدی ئەو تەعریفەی بە زمانانی جیاواز لە شیعر دەکرێت، وەك ئەوە کە گوایا هـەستی مرۆڤ دەبزوێنێت و بەهای چێژی جوانیی تێدا دەگەشێنێتەوەو، رەوتی مووسیقای ژیان و بزووتنەوەی گەردوون دە عـەسەبیدا دەورووژێنێت و ... ئەو هەمووە قسانە، بۆچی من تێدا نابینم ؟ تەبیعی دەزانم ئەوە خەتای منە، نە مانای ئەوەیە کە ئەوە شیعر نیە و، نە ئەوە کە ئەو تەعریفانە هەڵە بن . من قاپێك دۆکلێو زۆر لەوە پتر هەستم دەبزوێنێت، بە تایبەتی کە لە هۆبەیەکی رەوەندان لە بێوربێوران بێت، لەکاتێکدا کە

" ئامان چۆتە کولێنێ

پەری مەشکەی دەژێنێ

بەسێ لۆرکێ دەکولێنێ

خەیاڵ ئاوردووی دێنێ "؛

بەڵام تەنانەت لە هۆڵەنداش ئەگەر دەست بکەوێت، من هەر قاپێك دۆکلیوم پێ لەو کەڵە شیعرەی ئەوکەڵە شاعیرە خۆشترە .

ئایا ئەوە خەتای ئەوەیە کە جینەکانی مەلا حسەن و مەلا محەمەدی دێی شەرەفکەند نەیانهێشتووە رەوتی مووسیقای ژیان و بزووتنەوەی گەردوون و ئەو قسانە دە عەسەبی مندا بگەڕێن و، من بە" جین" دێهاتییم و، بیرم زۆرتر لای دۆکلیوە ؟ یا خەتای چلێسیی تەمەنە و بیرم پتر لای زگمە و، عەسەبی من پتر بە رەوتی قولتەقولتی دۆکلیو دەیقولتێنێت، نەك رەوتی مووسیقای گەردوون ؟ یا رەنگە ئەو تەعریفانە کورتی بهێنن، دەبوو بڵێن ئەوە هەر بۆ ئەو کەسەیە کە رادیۆیەکی وەهای دە سەردا هەیە کە شەپۆلی شیعریش وەردەگرێت؛ با هەزار قولتەقولتی دۆکلیویش بێت، ئەو هەر مەستی سیحری ئەو وشانە دەبێت کە ئەو ئاگری جگەرەکەی دەکوژێتەوە و منیش ... ئیتر دەنووم!... .

## دیسان باسی شیعری شێرکۆ بێکەسی ئەستێرەی جیهان
## لە روانگەی دێهاتییەکی شێرکۆ ناوەوە

کە دێهاتی دەچنە شار، بە هەمان شێوەی کە شارستانی دەچنە دێ، دەبێت زۆریان ئاگا لە خۆ بێت پەندیان پێ نەدرێت. من خەڵکم ناسیون، لە شارەوە چوونە دێ و شەو تا بەیانی بۆ ژووشک وەکۆکردن تەنەکەیان پێ لێدراوە. بە هەمان شێوە، لە شەقامی مەولەوی لە سلێمانی، منداڵم دیتوون دێهاتییەکیان بە تەماڵ هەڵێناوە، لەم لا و لەولای رێگا، بەرامبەر یەك بۆی دانیشتوون و هەردوو دەستیان بە شێوەیەك رێکخستووە وەك کە بەنێکیان لە نێواندا بێت و بایەدەن و، بانگیان کردووە " نەیپسێێت مامەگیان نەیپسێنیت ". دنیایان لە دێهاتیی بەدبەختی کە هیچ بەنێك نابینێت وێکهێناوەتەوە.

منیش، چەند جار ئەو پرسیارەم لە خۆم کردووە، کە تۆ بڵێیت شێرکۆ بێکەس نە شیعری گوتبێت و نە هیچ، هەر ئەوەیە بە من دەڵێن " ئەو شیعرە نەپسێنێت مامەگیان نەیپسێنیت" ؟ بەڵام نا، من کەمترین گومانم لەوە نیە کە شێرکۆ بێکەس ئەستێرەیەکی شیعرو شاعیرانی جیهانە، بەس ئیتر چیبکەم کە من دۆکلیوم پێ لە " منیش بۆ هەتاهەتایە ئیتر ئەنووم " خۆشترە. بە گوتەی خانمێك، ئەوە خەتای سەلیقەی خۆمە، نە شتێکی تر.

بەڵام ئاخر خودایا، بە رەحمەتی خۆت، پێم ناڵێیت بۆچی من ئەوەندە هۆگری شیعری رەفیق سابیرم ؟ ئەو شیعرەی بۆهەڵەبجەی داناوە، بۆ تەنیایی، بۆ...ئەوهەمووە. ئێستا وەبیرم نایە کە من شیعرێکی رەفیق سابیرم خوێندبێتەوە و پێی مەست نەبووبم، لە کاتێکدا کە بەهای هونەریی وێنە شیعرییە سوریالییەکانی، بە سەلیقەی من، هیچی لەوەی تابلۆیەکانی سیلڤادۆر دالیی سوریالیی بەناوبانگ کەمتر نیە.

ئەدی من لەکوێ گلۆڵەکەم لێ ئاڵۆزاوە و هەرچەند دەکەم بۆم هەڵناکرێتەوە ؟ لەکوێ ؟ ... لەکوێ ؟ ... لەکوێ ؟ چەند جار هەوڵم دا شتێك لەو نووسینانەی کە ئەو ئەستێرەیەی جیهان باس دەکەن بخوێنمەوە، بەڵکو وەڵامی پرسیارەکانم دەوێدا ببینمەوە، بەڵام بێ هوودە بوو، چونکە ئەو نووسینانە بە زمانێك نووسراون کە من تڵپاتی تەریشیان لێ تێناگەم، شتی وەك :

> " تایبەتمەندێتێتێتیی پێچەڵپێچی فرەهۆکاری ئۆبژەکتیڤیی خۆی لە ئێستادا بوونی هەیە و واتای تاڵیی ناناسێت، بەڵام پارادۆکسی هاورووی نەگونجاوی لۆژیکی ..."

ئێ من چووزانم ئەوە یانی چی ( واتای خۆی چیە لە ئێستادا !). ئەمن تازە بەم تەمەن و توانایە چۆن دەتوانم شتی وا

فێر بم .

رووسۆ، کە کتێبێکی لە چاپخانە وەردەگرێتەوە و یەکەم دانەی لێ بە دیاری بۆ ڤۆلتێر دەنێرێت :

Discours sur l’origine et les fondements de l’inégalité parmi les hommes.

ڤۆلتێر، دەستبەجێ دەیخوێنێتەوە، ئەوجا نامەیەکی بۆ دەنووسێت، تێدا سوپاسی دیارییەکەی دەکات و تێدا دەڵێت :" کاکی خۆم! ئەو کتێبەی دژی جنسی بەشەرت نووسیوە، بەدەستم گەیشت . بۆ ئەوە سوپاست دەکەم . کەس وەك تۆ، نەیتوانیوە ئەوەندە هۆش و بیردەوڵەمەندی بۆ مرۆڤ کردنە چوارپێ وەکاربخات . مرۆڤ کە ئەو کتێبەی تۆ دەخوێنێتەوە، حەز دەکات بە چوارپێ بڕوات، بەڵام چونکە ئیتر من ئەوە شێست ساڵە عادەتم بە ڕۆیشتنی بە دوو پێ گرتووە، تازە بەداخەوە کە ئیدی بە چوارپێ ڕۆیشتنم بۆ ناکرێت ".

منیش ئەگەر ئێستا لە تافی جەوانیمدا بوومایە، حەقەن فێری ئەم تایبەتمەندێتێتێتیی پێچەڵپێچی فرەهۆکاری نۆبژەکتیڤیی...یە دەبووم، بەڵام ئیتر بەداخەوە، تازە کاتیمن بەسەرچوو، کە من مردم وەتەن تایبەتمەندێتێتێتیی زمانی پێچەڵپێچی تۆ خۆش .

مادام باس هاتە سەر یەکەم کتێب، بە ڕێکەوت، شێرکۆ بێکەس کە یەکەم کتێبی چاپ کرد ، یەکەم سێ دانەی لێ پێشکەشی سێ کەس کرد ، یەکەمیان بە منی دێهاتی، دووەمیان بە کاکە مەم بۆتانی و ، سێیەمیان بە کەسێك کە ئەویش یەکێك لەو شاعیرە زۆرانەی ئەو سەردەمە بوو ، کە من هیچیان لێ تێنەدەگەیشتم، زۆر بەداخەوە کە ئێستا ناوەکەیم لە یاد نەماوە . بەگوێرەی کە ئەوسا باو بوو، ناوێکی خەمباری لە خۆی نابوو : خەمبار، بێزار، هەوراز، دڵبریندار، هاوار، بێخەو ... شتێکی لەوبابەتە ( " پەشێو " یش ئەوسا پەیدابوو) . تەنیا یەك کەس ناوێکی جیاوازو سەیری هەبوو : ماستاو! ، کە من هەرچەندە دێهاتییشم و حەزم لە سپییایە، بەڵام هیچ لەویش نەدەگەیشتم .

ببوورن کە لێرەدا ماندوو بووم و ئیدی دەبێت بۆ جارێکی دیکەی لێبگەڕێم .

جارێك، دۆستێك گلەیی ئەوەی لێکردم کە کتێبێکی خۆم ناوناوە" لە نووسراوانێکی قاچاغی قۆناغی خۆیان" و ،گوتی ئەگەر لەبەر خاتری ناوی نووسەری نەبوایە، هەر نەیدەکردەوە، قاچاغ و قۆناغ کەی کوردیین ؟ تەنانەت فسلێکی نووسینێکمی هێندە پێ ناکوردی بوو، کە پێیوابوو خوێنەری کورد نـەدەکرا هیچی لێ تێبگات، ئیتر منیش نـاچار پێمگوت کە ئـەگەر بیەوێت، دەتوانم بۆی وەربگێرمە سەر یەکێك لەو سێ زمانانەی کە دەیانزانێت (عارەبی، ئینگلیسی، هۆڵەندی) .

ئەم هاوارەی زمانی پـەتی، هەر هی کورد نیە، تەنانەت ئـەوروپاییش هەن لە وشەی " بێگانە" توورەن، وەك کە هێندێك فەرەنسی ئێستا پێیانوایە وشەکانی زمانی ئینگلیسی وەکو مۆرانە کەوتوونەتە گیانی زمانەکەیانەوە . پێش ئەوان، ئەڵمان، نەك هەر بە قسە، بگرە بە کردار، هەر راستەوڕاست وشەی خۆیان بۆ" رادیۆ" و" تەلەفزیۆ-ن" یش دروست کردوون . دۆستە سوێدییەکانم بە پێکەنین و تەوسەوە باسی ئەو مەیلەی نەرویجییەکانیان دەکرد ، گوایا ئەوانیش وان، دەیانەوێت وشەی نەرویجی بۆ زۆر وشەی جیهانی دروست بکەن .

تورك و فارسیش سەدەی رابردوو هەوڵی زۆریان دا زمانیان لە وشەی بێگانە پاك بکەنەوە، کە لێنۆڕینی مێژووی ئەو کارەیان هەتابڵێیت بۆ پێکەنین و گاڵتەوگەپ بەکەڵك و خۆشە . چەند وابووە مام هێمن مەجلیسی بە باسی ئەوە وەپێکەنین خستووە .

کتێبی یەکجار زۆر دەوڵەمەندو خۆش و نایابی" المعرب من الکلام الاعجمي علی حروف المعجم"ی"الجوالیقی" ( سەدەی١١-١٢، لە مامۆستاکانی" المدر سة النظامیه" ی بەغدا)، کە من چاپەکەی ساڵی١٨٩٧ی"لایبزیگ"ی ئـەڵمانم دیتووە، لە شوێنێکدا باسی" العدوي " ناوێك دەکات، کە دەڵێت ویستوویە بڵێت :" من عارەبی پاکم"، گوتوویە :" أنا العربي الباك "!

عارەب لە سەرەتای مێژوویانەوە و، تا ئەم دوا- دواییانە، زۆر بەگەرمی، کەوتوونەتە سەر پاککردنەوەی زمانە-کەیان لە ... زمانی خۆیان! و،هەتا توانیویانە لە عارەبیی" باك"! یان پاك کردووەتەوە؛ جێگاکەیان داوە بە وشەی زۆر جوانی فارسی و کوردی و یونانی و لاتینی و عیبری و حەبەشی و ئارامی و ...ئیتر نازانم چەند زمان لە دنیا ماون کەعارەب وشەیان لێ مارەنەکردبن و وشەکانی خۆیانیان بۆ تەڵاق نەدابن؛ دیارە جگە لەو هەمووە وشانەی کە بەرامبەریان بە عارەبی نەبوون و عارەب پێیان خەنی بوون؛ ئەرکی دروستکردنیان لەسەر شانیعارەب لاچووە و، حازرو بزر کەوتوونەتە باخەڵی عارەبەوە .

خاوەنی ئەو زمانانەی ئەو وشانەیان لێ وەرگیراون، ئێستا خۆیان زۆریان لەو وشانە لەبیرچوونەوە، بەڵام عارەب بۆیان پاراستوون و، زۆریان بە کۆشێك زاروزیچیشەوە،کە لای عارەب لەدایك بوون، دیسان پێشکەش بە زێدی خۆیان کردوونەوە، یا بە دیاری داویانن بە قەومی تر .

وشەی : دین و دیوان و شەریعەت و نەبی ( نبی = پێغەمبەر) و سوسن و بللور و یاقوت و جەننەت و فیردەوس و جەهەننەم و قەڵەم و قرطاس و خوان و دلق و سمور و ... هەزاران و هەزاران وشەی تریان یا هەر وەکو خۆیان پارا-ستوون، یا کەمێك دەستکاری کردوون : " گۆزە " یان کردووە بە " کُوز " و، " تەشت"یان کردووە بە " طشت" و ... ئیدی . هێندێکیشیان بەتەواوی پەروباڵ کردوون، بەغوونە " گوڵ"یان کردووە بە " ورد"، کە تازە ئیتر تەواو بووە بە عارەب، تەنانەت کرداریشیان لێ دروست کردووە : توردت خداه ... ئیدی .

هێندێك وشەی لەوانە، کە - بڵێین - وەك پارچە بەردێك لە شوێنێك رەمزی یەك شت بووبێت، ئەوان کردوویانە بە رووبارێك و زۆریان لێ هەڵێنجاوە : شاهراه بە فارسی بە رێگای سەرەکی گوتراوە، عارەب وەریانگرتووە و جۆرەها وشەیان لێ هەڵێنجاوە : شريعه، يشرع، تشريع، مشاريع، شروع، شرعي، شارع ... و ئیدی . تباشیر بە فارسی ( وەکو شیر) بە رووناکیی شەفەق گوتراوە، عارەب وەریانگرتووە و لێیانهەڵێنجاوە : بشری، بشیر، ( بە کردار : ) یبشر تبشیر ... و، دوا شتی کە من لێ ئاگادارم " طباشیر"ە .

کاک حوسێن محەمەد ،٢٠١٣/١٠/٢٣ ، باسێکی زۆر جێ‌سەرنجی، بە شێوازی باکوور، بە ناوی " پەیڤێن مە ژ کوو تێن ؟ " بڵاوکردبۆوە،تێدا هەوڵی دابوو، بە فەرهەنگۆکی ئەتیمۆلۆجی، سەرنج بۆ نێوانی وشەکانی کوردی و هی زمانانی تر رابکێشێت . دکتۆر جەمال نەبەزیش " وشەنامەکی ئێتیمۆلۆژیای زمانی کوردی"ی هەیە .

من کە یەکەم جار لە قاموسەکانی ئینگلیسیدا ، بە سەر ئەو وشانەدا کەوتم کە دەڵێن لە عارەبی وەرگیراون، یەکجار زۆر حەپەسام، ئای - ئای، چۆن ئادمیراڵ لە " أميرالبحر" ەوە هاتووە ؟ ئارسنڵ لە " أميرالصناعه"، ئالباترۆس لە" الغطاس"، لە هەمووی خۆشتر : ئالفالفا (" وێنجە"ی تورکی) لە" الفصفصه "! ... جا وەرە پێ-مەکەنە . هۆڵەندی بە کتێبی سەربەخۆ وشەی هۆڵەندیی بە ئەسڵ عارەبییان تۆمارکردوون . گوتم بزانم وشەی " جەواڵ" ( ی ناوی " الجواليقی") نەگەیشتووەتە هۆڵەنداش ؟ چونکە هۆڵەندی جەواڵ زۆر بەکاردێنن! بەڵام جارێ تووشی نەبووم، کێ چووزانێت چیی زۆر لەوە سەیرتریش تووش نابم .

* * *

ئایا وشە هەن، بە موتڵەق هەر تەنیا هی یەك زمان بن و پێوەندییەکیان بە زمانانی ترەوە نەبێت ؟ دەبێت هەبن،

بەڵام وێ ناچێت زۆر بن . بە هیندی بە ژن دەڵێن" ئافرەت"، بە سانسکریت بە پیاو دەڵێن " نەرە"، بە فەرەنسی بە مێش دەڵێن " مووش" و ... " قسە"ی کوردی پێوەندیی بە " کازات"ی سلاڤییەوە هەیە ( کە لە رووسیدا بووە بە سکازات) و، " چوون" بە " گاچچها"ی سانسکریتەوە ( کە ئەڵمان و ئینگلیس" گا"یەکەیان لێ هەیە : گێهن، گۆ) و، سەماوەری رووسی (самовар بە حەرفی واتا" خۆکوڵ")، کورسی هی سومەریەکانە و چا هی چینیەکان و ساوار هی ئەرمەنی و ... ئیدی ئەوە کە ئەمرۆژانە دەڵێن دنیا بووەتە دێیەکی گەورە (یا بچووك)، من بە رادەیەکی باش لە زمانەکانی دنیایدا دەبینم . ئیتر تێناگەم بۆچی دەبێت " کێشەو هەرا" لە نێوان ئەهلی ئەو زمانانەدا لەسەر ئەوە هەبێت کێهە وشە هی کامەیانە ؟ مەگەر هەمووی لە هەمان چێشتی مجێوری هەموویان نیە ؟ ئینگلیس وشەیەکیان بۆ " قەیسی" (ی تورکی) هەیە، کە لە " البرقوق"ی عارەبەوە هاتووە ( بووە بە " ئەپریکۆت " )، بەوە کە عارەب رەنگە جگە لە ناوی خورما ، ناوەکانی ئێستای هەموو میوەکانیان لە زمانانی تر وەرگرتبن ( نازانم ئەگەر ناوی تاقە یەك دانە سەوزییش لە زمانی عارەبدا هەبێت کە لە زمانی تر وەرنەگیرابێت )، دەبێت عارەب " البرقوق "ی لەکوێ وەرگرتبێت ؟ لە یونان ( " پرای کاکیۆن "ی یونانی، لاتین کردوویە بە " پرایەکۆخ" = زوو پێگەیشتوو) . عارەبی مسوڵمان، کە چوون سپانیاو پۆرتوغاڵیان" فەتح"کردن و لای خۆیانەوە ناوی هەموو-یان کرد بە " الأندلس" ( بە ناوی ئوستانی " ئاندالوثیا "ی سپانیا)، لەکاتێکدا کە ئەوروپایی بەوانیان دەگوت " مۆر" ( مۆریتانی)، فەرماندەیەکی بەربەری ئەم مۆرانە، ناوی " طریف بن مالك" بووە، لە " جبل طارق" ( ئەوروپایی کردوویانە بە" جبرەڵتەر")، باجی تێپەرینی لە کەشتیەکان ساندووە، ئەو باجە لای ئەوروپاییان ناوی بووە بە" تاریف" ( طریف)، وشەکە لە دنیای باج و گومرگ و بازرگانیی ئەوروپاییدا شوێنی خۆی گرتووە . ئەوانەی دنیای باج وگومرگ و بازرگانیی عارەبی پێش سەد ساڵێك، کەوتنە سەر ئەوە ئەو وشەیە چۆن وەربگێرن، ئەوەبوو لە دواییدا کردیان بە " تعریفە"! . ئیتر ئەمە چێشتی مجێور نیە چیە ؟

ئەوجا کە من زۆر وشەی زمانەکەم وەکو ئەوانەی خەڵکی هیندستان یا فەرەنسا یا ئینگلستان یا کوێ و کوێی تر بن، بۆچی زۆر وشەم لەگەڵ عارەب و جوو و تورك و فارس و بلووچ و کێ و کێی تردا وەکو یەك نەبن ؟ سا یا ئەوان لە منیان وەرگرتوون، یان من لەوانم وەرگرتوون، یا هەرتك لا لە شوێنێکی سێیەمان وەرگرتوون، ئەوە بۆچی خراپ بێت ؟

ئەوە کە دەمانەوێت ئاگاداری حەقیقەتی مێژوو بین، کە مێژووی زمانیش دەگرێتەوە، بەڵێ، حەقەن پێویستە، بەڵام بۆچی دەبێت منێك ئەمرۆ هیچ ئیمتیازێکم لە دنیادا هەبێت یا نەبێت هەر چونکە فلانە وشەیەم پێش

لەدایکبوونی من هی فڵانە قەوم بووە یان نەبووە ؟ جا ئەوە بە من چی ؟ خوای دەکرد هی بزن دەبوو . هەر بە ڕاستیش، من لای خۆمەوە، بۆ وشەی " بارەبار"، مەگەر هەر سوپاسی بزن بکەم، کە دەنگەکەی ئیلهامی دانانی ئەو وشەیەی داومێ ... زۆر سوپاس بزن !

دیسان، کاتێك عارەب " ناب" یا " ناڤ"ی فیرعەونی وەردەگرێت و دەیکات بە " نبی" و، نبأ و أنباء و،( بە کردار:) تنبأ...، تنبؤ و متنبی و ... ئیدی . ئەوروپایی ئەو هەمووە وشە عارەبی و عیبری و هیندی و چی و چییانە وەردەگرن و دەستکارییان دەکەن و، دەچنە ئەمریکا، لەوێ خەڵکی وڵاتەکە ناودەنێن " هیندیی سوور"! ( کە ئەو بەدبەختانە نە هیندی بوون و نە سوور، ئەمان سەرەتا بە هیندستانی تێگەیشتوون و، کە ئەوانە پێستی خۆیان بۆ جوانی بەجۆرەها رەنگ رەنگکردووە،بەڵام رەنگی سوور هەرە لەبەرچاو بووە)،بنبرِیان دەکەن،بەڵام وشەی تەماتە و پەتاتەیان دەکەن بە هی خۆیان و وێرای قسەی هیچی" هیندیی سوور" بۆ ئەو هەمووە زمانانەی تری دنیاشیان دەنێرن . سەرتاسەری مرۆڤی سەرزەوی بە جۆرەها شێوە وشە ئاڵوگۆڕ دەکەن و - وەك بڵێیت - بە چەند شێوە، بە کاڵی وکوڵاوی و برژاوی و ... پیشاوییش، هەم خۆیان هەزمیان دەکەن و،هەم بەشی دەرودراوسێ و تەنانەت دوور- وڵاتانیشیان لەبیرناچێت، کە شتێکیان لێ بۆ بنێرن، ئەوەیە کە - بەنموونە- عارەبیش بە شێوەی خۆی کردوونی بە " الطماطم" و " البطاطا" و " الهنود الحمر"! ( الهنودی چی و الحمری چی ؟) .

من تێناگەم بۆچی دەبێت کورد - بە بەڵگەی کوردیی پەتی - لەو ترافیکەی زمانانی مرۆڤی سەر رووی زەوی دەرچێت ؟ ئەگەر بیتوانیبا بچووبایەتە سەر مانگ و، لەوێش هیچ کەسی تری غەیری کوردی لێ نەبوایە، ئەوسا بەڵێ . بەڵام واقیعی ژیان وا نیە، ئێمە هەموو لەسەر زەوی دەژین و، کوردیش دەبێت وەك ئەم خەڵك و خوایە بکات، زۆر وشە بدات بە عارەب و فارس و تورك و جوو و خەڵکی تریش و زۆر وشەشیان لێ وەربگرێت .

*　　　*　　　*

من تا ئێستا هەر باسی " وشە"م کردووە، نەك زمان . من حەزدەکەم، ئەگەر بۆم بکرێت، زمانەکەی خۆم بە ملیۆنان وشەی زمانانی تر دەوڵەمەند بکەم، بەڵام " زمانەکەی خۆم" ... " خۆم" لێرەدا مەسەلەیە .

هەر زمانە وڵاتێکە، ئاو و هەوای خۆی هەیە، فەرهەنگی خۆی هەیە، میزاجی خۆی هەیە، جوانیی خۆی هەیە و، خەبات دەکات زەوقی خۆی پەرەپێبدات و هەموو گۆشە وکەنارێکی خۆی برازێنێتەوە، خانووەکانی بە شێوەی خۆی دروست بکات، باخچەکانی بە شێوەی خۆی و، ئاهەنگی مووسیقای بە شێوەی خۆی و، جلوبەرگی بە دڵی خۆی، خۆی ... خۆی، ئەوە جەوهەری زمانە : " خۆی"!، نەك خشت و بورغی و تەختە و تەلی تەلیفۆن و

کاوچووکی تایلاند و " جاو"ی دورگەی جاوەی ئیندۆنیزی و ئیدی کە بۆ ئەوەی پێویستن، ئەوانە هەموو" وشە"ن و دەدرێنە دەست وەستای نەتەوایەتی تاکو وڵاتی خۆی بە شێوەی خۆی ... خۆی ... خۆی پێ ئاوەدان بکاتەوە .

کسێك لە رووسیا خانووی خۆی بە شێوەی خۆی بینادەکات و، بۆ کێشانی نەخشەی ئەوە،پێویستی بە" قەرەندا-ش" ێك هەیە ( کە بە رووسی بە قەڵەمی رەش دەڵێن، لە تورکییەوە هاتووە : قەرەتاش= بەردی رەش) و، بۆ سەفەر بەو رووسیا بەریندا پێویستی بە " چەمەدان" هەیە ( وشەی رووسی لە " جامەدان"ی فارسی، رەنگە" جانتا"ش هەر لەوە بێت) . زۆربەی هۆڵەندیەکان حەز لە " تارتار" دەکەن، کە باشترین پارچەی نەرمەی گۆشتی گایە ( بیفتێك) وکراوەتە قیمە و، بە شێوەی جۆرە شفتەیەك ( شامی کەباب) سوور دەکرێتەوە . کە لێیان دەپرسیت ئەو ناوە لەچییەوە هاتووە ؟ دەڵێن: لە ناوی تاتارەوە هاتووە، سوارەی تاتار پارچەگۆشتێکیان لەجیاتی زین خستووەتە سەر پشتی ئەسپیان؛ ئەوە هەم جێی زینی بۆ گرتوونەوە و، هەم تا گەیشتوونەتە شوێنی مەبەست گۆشتەکە لە ژێر-یاندا بۆ باش سووربوونەوە ناسکتر و لەبارتر بووە، چاك کوتراوە . دە کەواتە، لە زمان تارتارخۆرانی نەتەوەی هۆڵەنداوە : سوپاس ئەی سوارەی تاتار! بۆ ئەوە کە ئەم وشەیەت خستە سوپەرمارکێتەکانی هۆڵەنداوە، وێنەت بۆ سامانی زمان هەر زۆر بن، هەی خێروبەرەکەت .

تۆ سەیری کتێبی مێژوو بکە، لە ڤیللایەکی رۆماو خانووبەرەیەکی چینیی بەرامبەری ئەوە بنۆڕە و، بەراورد بکە، دوو شکڵی بە تەواوی جیاوازن، - وەك بڵێیت - دوو باڵندەی بە تەواوی لێك غەریبن، بەڵام جۆرەها پارچە تەختە و پێچ و تەل و ئاسن و پارچە قوماشی کەتان و ئاوریشم و شەم و شەمدان و چی و چیی تریان وەکویەك تێدا هەن و، زۆر لەوانەیە، خاوەنی ڤیللاکەی رۆما قاپوقاچاغی "چینی"ی بەکارهێنابێت و هەر پێشی گوتبێت " چینی" . خۆ ئەگەر ئەمڕۆ خانووبەرەیەکی وەك ئەوەی چینییەکە بینابکەین، دەتوانین لەوەکەی ئەوسای زۆر جوانتر برازێنینەوە : جۆرەها دەرگا و پەنجەرەی لە سوێدو فنلەنداوە، پارچەی ددانی فیل لە ئەفریقاوە، پێستی پڵنگی نازانم لەکوێوە،بەردی مەرمەڕ لە ئیتالیاوە و شووشە و رەنگی تابلۆ و هێندە کەرەستەی جوانی بۆ لە چوار گۆشەی دنیاوە بهێنین، بە شێوەیەك کە ئەگەر پادشایانیکۆنی چین توانیبایان لە گۆڕەوە ببینن،کۆڵێك ئێرەییان بە خاوەنی ئەم خانووبەرەیە ببردایە،کە داڕشتن و هەندەسە و دیمەن و هەموو شتی لەسەداسەد چینی دەبوو، بەڵام بە ئەو هەمووە کەرەستەیەی لە وڵاتانەوە بۆی هێنراوە .

تۆ سەیری توانای عارەب بکە، چۆن تەنیا لە پارچە" شاهراە" ێکی کە لە فارسی وەرگرتووە، ئەو هەمووە ئامێرا-نەی دروست کردوون، کە هەریەکێك لەوانە، بە نموونە هەر بە " شەریعەت"ەکەی، پێداویستی حەیاتیی پتر

لە هەزار ساڵی ژیانی خۆی دابین کردووە .

ئـەوە بەشێکی گرنگی زمانە، بەشێکی گرنگی خزمەتی نەتەوایەتییە . هەر تەنیا بە هەموو سامانی زمانی خۆت قەناعەت مەکە، هەرچەند دەوڵەمەندیش بێت، هەر بەتـەماح و چاوچنۆك بە، هەتا دەتوانیت وەرگرە! و بیخە سەر ئەوەی کە هەتە، با زۆر بێت . بـەڵام کە وەرتگرت، دەست بەجێ بکەوە سەر ڕەنگ‌کردنی بە ڕەنگی پێداویستی خۆت، چەکوچێك بەدەستەوە بگرە و بکەوە سەروگوێلاکی، تا هیچ سیمایەکی زێدی پێوە نامێنێت و، هەر تەنیا بەو شـێوەیەی کە خزمەتی خۆت ... خۆت ...خۆت دەکات بچەمێنەوە، پـەرچ بدەوە، تـەنانەت هێندێکی لێ هـەر بپەرچقێنە، بیخە ئاگرەوەو بیکوتە و دیسان دایڕێژەوە، دەست لە یەخەی بەرمەدە تا بە هەرچەند شێوەی لەتوانادا- یە دەیکوردێنیت، بەڵام وا چاکی بکوردێنە، کە ئیتر ئەسڵەکەی تۆزی نەشکێنێت و، بە قەرەواشیشی ڕانەگیرێت .

عارەب کە " پاڵوودە"یان دیتووە و زۆریان پێ خـۆش بووە، لای خـۆیانەوە کردوویانە بە " فالوذج" ( وەکو کە " پۆڵا"یان کردووە بە " فولاذ"، الجوالیقی هەوڵی داوە قانوونەکانی ئەو گۆڕانانە بدۆزێتەوە) . کە عارەب دیتوو- یانە کەسانێکی کورد شتێك دەخۆن و پێی‌دەڵێن " پێش پاروو"، زۆریان بە کەیف بووە و دەست بەجێ کردوویانە بە " فیشفالج" یا " فیشفالوج" ( زۆر بەداخەوە کە من ئیتر لەدوای بەغداوە چیتر دەستم بەو سەرچاوانە ناگات) . تەنانەت سەردەمی نوێش، ئەوەتا " فاونتن پێن"ی ئینگلیسی لە عیراق بووە بە قەڵەمی " پاندان"، " هاندباگ"ی ئەمریکایی ( لێرەدا جانتای دەستیی ژنان) لە ژاپۆن بووە بە " هاناداباگا" و ... زۆری تر .

هەرکەسە دەیەوێت خۆی بە وشەی زمانانی تر دەوڵەمەند بکات . ئەو هەمووە شێوە گۆڕینانەی وشەی زمانانی تر، نیشانەی خـەلاقیەتی هەم نـەتەوایەتی و هەم مرۆڤایەتین، خەلاقیەتێك کە دەتوانێت لە یەك بندار، ئەو هەمووە گوڵە بڕوێنێت، ئەو هەمووە وشە نوێیە بخاتە سەر سامانی زمانی مرۆڤی سەر ئەستێرەی زەوی . ئەوانەی ئەوەیان بە دڵ نیە، تەپۆن، توانای خـەلاقیەتیان نیە، تەمبەڵن، وایان بۆ نـاکرێت، بە ئێرەیی‌پێ‌بـردن دەکەونە قسەگـوتن بەوانەی کە ئەوانەیان لەدەست دێت، بە سەدان و هەزاران ساڵ لەدەستیان هاتووە و، ئێستاش بەردەوامن .

* * *

تۆ سەیری ئەم شیعرەی هەردی بکە :

" دەبا دەستی ستەمکاری

ژیانی پڕ لە زۆرداری

( .. )

بە بێ رەحمانە غەرقی کا

لە بەحری قوولّی ونبوونا "

ئەوە شیعرێکی کوردیی یەکجار زۆر جوان نیە ؟

بۆ زەوقی ئەوانەی خۆ بە" کوردیی پەتیچی" پێشکەش دەکەن نا، شتێکی زۆر پیسە...یەع!، ئەوە کەی کوردییە، هەم " غەرقی کا" و هەم " بەحر"یشی تێدایە .*

سەیری ئەم نووسینەی هەژار بکە :

" مفتی شاعیر رۆیشت و زو هاتەوە، زۆری پێ نەچو کابرایەکی (..) عەینەکی ئەستور لەچاوی (..) پەیدا بو . نە سەلام و نە کەلام هەر لەوێوە پێی گوتم "

ئەوە کوردییەکی یەکجار زۆر جوان نیە ؟

نا، جوانی چی و شتی چی؟ لەجیاتی یەعێك، چوار یەع : شاعیری عارەبی، عەینەکی عارەبی، سەلامی عارەبی و کەلامی عارەبی .

دە منیش لەبەرامبەردا مەگەر هەر بڵێم : یەع لە زەوقی ئێوە!

هەردی،بۆ بیناکردنی کۆشکێکی یەکجار زۆر جوانیکوردی، دوو خشتی یەکجار زۆر چاکی پێویستی لە زمانی ئیستیعماری عارەب وەرگرتووە . هەرچەندە خشتی بۆ ئەوە لە ماڵی خۆیدا هەیە : " بیخنکێنێت" و" دەریا" هی ماڵی خۆین، بەڵام لێرەدا، ئەم دوو خشتە هاوردەیەی لە عارەبستانەوە بۆ خانووەکەی باشتر جێ‌دەگرن، رێك وەك ئەوە کە ئەمرۆ دەکرێت چینییەك بە پارەیەکی باش دوو پارچە تەختە لە فنلەندی ئەوەندە دوورەوە بۆ کۆشکە چینییەکەی خۆی بکرێت .

هەژاری دێهاتی، لە جیاتی دوو خشت، چواریشی رفاندووە . مەگەر عارەب هەر وا بە هەزار ساڵ و تەنانەت زۆر پتریش هەر وشە لە دەوروبەری نیزیك و دوور بڕفێنن و ،هەژاری بێ‌حەیای تەرەغەیی نەتوانێت تۆڵەی چوار دزییان

---

* پێش کەمێك سەیری فەیسبوکم کرد، ئەم بەیتە شیعرەم تێدا دیت :

لەم شەرحی دەردی غوربەتە، لەم سۆزی هیجرەتە

دڵ وەختە بێ بە ئاو و بە چاوا بکا عبوور

گوتم تۆ بڵێیت جەماعەت لەسەر ئەم شەرح و غوربەت و هیجرەت و عبوورە چ بەو شاعیرە بڵێن ؟

لێ بکاتەوە و، ئەویش چوار خشت لە ماڵی ئەوان ببات و، بیخاتە پاڵ ئەو خشتانەی کە دیواری خانووە کوردییە جوانەکەی خۆی پێ هەڵدەچنێت ؟

عارەب شکایەتمان لێ دەکەن ؟ دەڵێن قەومی" أكراد"، " غەرق" و" بەحر" و " شاعیر " و " عەینەك" و " سەلام" و " کەلام"یان لێ دزیوین ؟ خۆزیا دەیانکرد، تاکو منیش لە دادگا، لە بەرامبەر ئەو شەش وشەیەدا شەشسەد هەزار خشتی کوردی و فارسی و ئاشووری و هیندی و عیبری و یونانی و لاتینی و چی و چیم لێ دەستاندنەوە، تا خانووەکەیان بەسەر تەپڵی سەریاندا دەڕما و تاقە یەك خشتی بە سەر یەك خشتییەوە نەدەما، نە" شەریعەت"یان بۆ دەمایەوە تاکو لەعارەبستان بەگوێرەی ئەوە دەستی دزان بپەڕێنن،نە" نبی"ی کە حەدیسەکانی لەبەردەکەن، نە " جەننەت"یان بۆ زاهیدەکانیان دەمایەوە و، نە" جەهەننەم" بۆ فاسقەکانیان، ئیتر هەر دەبوو لە نەخشە بسڕێنەوە و ئەهـ . لەم فڕکان - فڕکانەی تاڵاندا، هەردی و هەژاریش بە دەستی بەتاڵ نەهاتوونەوە .

ئەدی بۆ ئەم زمانە دەڵێیت چی ؟

" سەرۆك لە ئێستادا هەڵدەستێت بە کردنەوەی مەلەوانگەی هاوچەرخی خۆجێیی "

ئەوە چ زمانێکە ؟

گوتمان زمان کۆشکێکە، بەگوێرەی مۆدێلی فەرهەنگی قەومێك بینادەبێت ( ئیتالی، یەمەنی، چینی ...) و، بۆ ئەوە دەکریت خشت و داروپەردوویەکی زۆر لە هەرکوێیەکەوە هاوردەکات . هەردی، کۆشکی شیعرێکی کوردیی وا دروست کرد و، هەژاریش پارچەیەکی پەخشانی . بەڵام لێرەدا " هەستا بە" خانوویەکی " عارەبی"یە، یەکجار زۆر عارەبی، ئەگەر لە دەرگای بدەیت،کەسێك لە ژوورەوە هاوارت لێ دەکات"من الطارق، منهذا علی الباب؟".

ئەو " هەستا بە" گوتنە، واتا دزینی خشت لە کورد بۆ بیناکردنی خانوویەکی عارەب، کە نـە عارەبەکە هیچی لێ تێدەگات و، نە فڕیشی بەسەر هەندەسەی میعماری کوردەوە هەیە . دزیکردنێکە لە کورد بۆ عارەب، بە بێ ئەوە کە عارەب هیچ پوولێکی پێ بدات،چونکە ئەمە وەکو"شەریعەت"و نازانمچییەکە بەکەڵکی ئەو نایەت؛ کوردیش، ئەگەر زمانەکەی خۆی بزانێت، دەزانێت ئەمە فڕی بەسەر بینای زمانی کوردییەوە نییە .

کورد" ئێستا" شی هەیە و" لە ئێستادا"ش؛ ئەگەر تۆ کوردی بزانیت، دەزانیت کامەیان لەکوێ بەکاردەهێنێت و ئەگەر نەشیزانیت ئەوا نایزانیت! . ئەگەر کەسێك" ئێستا" لە من بپرسێت " شێرکۆ تۆ ئێستا لەکوێیت ؟"، دەڵێم " لێرە م"، دەڵێت " لێرە یانی کوێ ؟ "، دەڵێم " لە ماڵم، جارێ بە تەما نیم دەرچم "؛ کـەچی من هـەر" لێرەدا" نووسیومە " هەرچەندە خشتی بۆ ئەوە لە ماڵی خۆیدا هەیە" . کەواتە، من " لێرە" و " لێرەدا" ش و، " لە ماڵ" و

" لەماڵدا" شم بەکارهێناون . بەهەمان شێوە، دەڵێم " ئێستا بۆم ناکرێت بێمە لات "، بەڵام دەڵێم " برا گیان تۆ چ خۆت بە باسی کۆنەوە سەرقاڵ کردووە، ئێمە ئیتر لە سەدەی بیستویەك، لە ئێستادایین"، هەم" ئێستا" و هەم " لە ئێستادا" لە شوێنی خۆیاندا بەکاردێنم، نەك ئەوە کە بە" لە ئێستادا" جێگای" ئێستا" بگرمەوە و- بەفوونە- بڵێم " تا لە ئیستادا "،کەواتە : " لە هێشتادا"!،" لە ئێستادا و لە ئێستاداش ددانی پێدا نەنا" ؟ ئێ دە ئەوە کوردی نیە، کورد دەڵێت " هێشتا، ئێستاو ئێستاش ددانی پێدا نەنا" . ئەگەر تۆ نەتوانیت ئەوانە لێك جیا بکەیتەوە، مانای ئەوەیە" میزاجی کوردەواریت تێکچووە" و، هەست بە زمانی کوردی ناکەیت . دێهاتییەکی نەخوێندەواری کورد ئەوانە یەکجار زۆر چاك لێك جیادەکاتەوە .

" مەلەوانگە" یانی چی ؟ جێگای مەلەوانان ؟ هەموو بوون بە مەلەوان ؟ " خۆجێیی" یانی چی ؟ عارەبیمان بە حەرفی بۆ وەردەگێڕن ؟ ئاخر هەی هەی - هەی! نابێت لەپێشدا خۆتان فێری عارەبییەکە بکەن، تاکو دوای ئەوە خانووی عارەبی بە خشتی کورد بۆ عارەب دروست بکەن ؟ " مسبح" بە عارەبی واتا " جێی مەلە"، نەك " جێی مەلەوان".

هاوچەرخ ؟ هاوکامە چەرخ ؟ سەلاحەدین هاوچەرخی شێردڵ بوو، جێی مەلە یا هوتێلی پێنج ئەستێرە یا چیی هەولێر هاوچەرخە ؟ هاوچەرخی کێ ؟

" محلی" واتا " خۆجێیی" ؟ خۆجێیی چیە ؟ ." محلی" بەو وەرگێڕانەی ئێوە دەکاتە " جێیی" ، ئیتر ئەم "خۆ"یە چیە دە زگی رادەکەن ؟

ئاخر بۆخاتری خودا، ئێوە چین ؟ لە چ جنسێکن ؟ بە چ زمانێك قسەدەکەن ؟ ئەوە نە کوردییە، نە عارەبییە، نە بەربەرییە، نە زمانی هۆنۆلولو، ئەمە چیە ؟

*　　　*　　　*

زمانی کوردی، لە زمانە زۆر دەوڵەمەندەکانی دنیایە و، وەك هەر زمانێکی تری دەوڵەمەند، وەك هەر کانە زێڕێکی تەبیعەت، کارێکی زۆری بۆ کەڵك لێ وەرگرتنی پێویستە . ئەم کانە زێڕە، لە بنەماڵەیەکی گەورەیە،کە ئەندامانی بە هەموو لایەکی دنیادا بڵاوبوونەتەوە . دیارە، ئەندامانی هەمان بنەماڵە لە زۆر شتدا وەکو یەکن و، لە زۆر شتیشدا هەر ئەندامە و شەخسیەتی تایبەتی هەیە، بەڵام هەر هاو سەروسیمان و، نێوانی بنەماڵەییان زۆر روونە و ناشاردرێتەوە . نەزمی ئەو زمانە، بەشی سەرەکیی رێزمانی، هەمان نەزمی بنەماڵەکەیەتی و، یەکجار زۆر وشەشی هەر وەتر،بەڵام ئیتر بەهۆی لێکجیابوونەوەو پەرەوازەبوونی ئەندامانی،هەریەکەو لای خۆیەوە، بە شێوەی

خۆی، دەستکارییەکی وشەکانی کردوون . ئەو ئەندامانە، لە هەرکوێ ژیابن، خۆشبەختانە، قەت دەردی تەنیا-ییان نەچێشتووە، هەمیشە کۆمەڵێك دەرودراوسێی باش یا خراپیان بەدەورەوە بوون و، بێوچان وشەیان لە یەکتر وەرگرتوون . وشەی وەرگیراو، بە زەوقی خاوەن ماڵی نوێ رەنگ کراوە، هێندێك جاریش تەشوێیەکی باش بۆ داتاشین و دەستکاریکردنی پێویست بووە تا بە رێکوپێکی و ساف و لووس دە خانووی ماڵی نوێدا جێی ببێتەوە . بڵێین،کە سەر بە گوندێکی ماسیگرانی هۆڵەندیدا دەکەیت، یا گوندێکی زۆر چەپەکی ئینگلستان یا ئەمریکا یا شوێنانێکی تری دنیا، دەبینیت ناوی زۆر شتی لە ماڵی عارەب وەرگرتووە و بە زەوقی خۆی " گونجاندوویەتی"؛ کە دەچیتە ماڵیعارەبیش، دەبینیت پڕە لە وشەی هەموو دنیا، تەنانەت" الطماطم" و" البطاطا" و" الهنود الحمر" یشی تێدان . کەواتە، شتێك لەدنیادا نیە کە بکرێت پێی بگوترێت " زمانی پەتی"،"وشەیەکی پەتی" بەڵێ، بەڵام نەك زمان .

دیارە، هەر قەومە، بۆ رازاندنەوەی ماڵەکەی، دەبێت یەکەم شت، زۆرترین کەڵك لەو کەرەستەیە وەربگرێت کە خۆی هەیەتی و، لە لوتف و بەخشندەیی خەڵکی ترەوە نەهاتووە . ئەوەش بەوە دەبێت کە نەهێڵێت هیچی لێ ون ببێت، هەرچی هەیەتی بیخاتەکارەوەو، هەزارویەك شتیتریشی لێ دروست بکات . ئەوەش پێویستی بە شارستا- نیەت هەیە . کوڕێك یا کیژێکی ئینگلیس ناتوانێت هەر لە گوندەکەی خۆیدا فێری ئینگلیسییەکی باش ببێت . بۆ ئەوە، پێویستیی بە شار هەیە، دەبێت بچێت لە زانکۆیەکی گەورەی وەکو " ئۆکسفۆرد" بخوێنێت، کە تەواوی سامانی زمانیئینگلیسیی، بە هەموو عونسورەکانییەوە تێدا کۆکراوەتەوە . کورد ، جارێ، زمانە دەوڵەمەندەکەی لە هیچکوێ کۆنەکردووەتەوە، هەر گوندەو سامانەکەی لای خۆیەتی و، خەڵکی شارستان تڵپاتی تەریشی لێ نازانێت و، لەجیاتی زمانیکوردی، شتێکی تری سەیر دەڵێت، کە فڕی بەسەر هیچ زمانێکەوە نیە . بەوە کە کەچە عارەبی یا فارسی یا تورکییەك دەزانێت و، تەرزی بیرکردنەوەشی هەر عارەبی یا فارسی یا تورکییە، دەکەوێتە سەر وەرگێڕانی هەڵەی وشەی قەومی ئیستیعمارەکەی . بڵێین، عارەب زۆر زاراوەی لە وشەی" عهد" داتاشیوە . یەکەم مانای ئەو وشەیە بریتیە لە " زانین "، مانای دووەمی بریتیە لە " هەڵگرتن و پاراستن و ئاگاداری لێ کردن"، لە ئایندا عەهدکردنی خودا واتا گوتنی " لا اله الا الله" و، زۆری تریش، لەوە : " تعهد" و" معاهده" و " معهد"یشی دروستکردوون ." معهد" ( بەرامبەر" ئەنستیتو"ی ئەوروپایی)، بە عارەبی واتا" شوێنی زانیاری و هەڵگرتن و پاراستن و ئاگاداری لێکردنی" . کوردی شاری، ئەوە دەکات بە " پەیمانگا"! ... یانی چی ؟ یانی ئەو، کە کوردی نازانێت، عارەبیەکەش نازانێت و وەریشیدەگێڕێت، وەرگێڕان لە زمانێکەوە کە نایزانێت بۆ سەر

زمانێکی تری کە نایزانێت! دەبێت چی لێ دەرچێت ؟ "پەیمانگای"ی لێ دەردەچێت .

ئەو پاشاگەردانییە، بەهۆی نەبوونی دەوڵەتەوەیە . کورد لە پرۆسەی نەتەوەبووندایە، بوونە دەوڵەت، هێشتا بە کۆکردنەوەی زمانی خۆی و ، شارستانیەتی نەتەوایەتیی خۆی نەگەیشتووە و ، سیاسەتمەدارانی هۆشی نەتەوەییان نیە، جارێ باش لە بیناکردنی نەتەوە ناگەن، نازانن زمان چ کۆڵەکەیەکی سەرەکییەتی .

کەواتە، دیسان و دیسان دەگەینەوە هەمان نەتیجە : کورد پێویستیی بە هۆشیاری و بە ڕێکخراو و دامودەستگای نەتەوەیی هەیە .

" زمان وەکو پێستی مرۆڤە، هەمیشە لە گۆڕاندایە " .

زۆر کەس ئەوەیان گوتووە و ماڵم هەقە چاکیشیان گوتووە . پێستی کەسێك بە منداڵی و پێستی هەمان کەس بە پیری، دوو پێستی تەواو جیاوازن و فریان بەسەر یەکترەوە نیە . مرۆڤ و حەیوان پێستی خۆیان دەگۆڕن، چونکە ئەوە پێداویستی ژیانە و، دەبێت رووبدات . هێندێك ئەوکارەیان لەبەرچاوە ( وادەبێت توێژی مارێك دەبینین ... ئیدی) و، زۆرتریش وایە کە هەر بە بەراوردکردن دەیبینین . بە بەراوردکردنی پێستی هەمان مرۆڤ، نەك هەر ساڵەوساڵ، بگرە ئەگەر زۆر ورد بین و ،هێندێك ئامێری سادەی پێویستیشمان بەدەستەوە بن، رەنگە بتوانین هەر بە چەند حەفتە جارێك ببینین چەند گۆڕاوە .

ئەوجا ، کە ئەوە حەقیقەتێکی ژیان بێت، مەگەر هەر بیر لەوە بکەینەوە چۆن قەبووڵی بکەین و کەڵکی لێ وەربگرین، نەك ئەوە کە بیگۆڕین . پێستی منداڵی، هەرچەند جوانیش بێت، تازە ئیتر بە پیری وەدەست نایەت، هەرچەندە رەنگە بتوانین لێرەدا دڵمان بە جیاوازییەکیش خۆش بکەین، کە : ئێمە بە پێوانەکانی جوانیی کە هەمانن، پێستی منداڵمان پێ لە پێستی پیرێك جوانترە، بەڵام زمانێك دەکرێت "هەتا پیرتر بێت جوانتر بێت". گروگاڵی منداڵ جوانە، بەڵام ئیتر شتێکی زۆر کەمە . ئەو سامانەی بە دارەهەنارێکیەوە دەبینین، بە شتڵە هەنارێکیەوە نابینین، هەرچەندە حەقەن هەرکامە و بە شێوەی خۆی جوانە .

ئێمە بەتەواوی نازانین بۆچی هێندێك شتمان پێ جوانن . گوڵ و گیا و هێندێك شکڵ، هەر لەوەی مرۆڤەوە تا بە ئەوەی بەردێك دەگات، دەکرێت بە جوان بێنە بەرچاو . رەنگە کۆمەڵە قانوونێکی هەندەسە، لە نەزمی تەبیعەتدا ئەو حوکمە بەسەر حەواسماندا بدات، پێمان بڵێت چیمان پێ جوان بێت یا نەبێت، بەڵام ئیتر ئەوە جارێ بە زانست نەگەیشتووە و ،هەر دە دنیای خەیاڵی فەیلەسووفاندا گینگڵ دەخوات و من لێرە وای بە باشتر دەبینم تێی ڕۆنەچم . هەرچەندە ئەوە دە جەرگەی باسەکەشدایە : جوانی چیە ؟ و دزێوی چیە ؟ بەڵام دیسان، دەزانم ئەگەر لێرەدا هەوڵ بدەم بیری فەیلەسووفان بدۆزم، رەنگە ئەوە، بێ ئەوە کە نەتیجەیەکی بەکەڵکم بۆ وەدەست بهێنێت، لە چەقی ڕێگای مەبەستە زۆر کەمترەکەم وەلادات . ئێمە هەر وەك چۆن میوەیەك یا هەر خۆراکێکمان پێ خۆش دەبێت، یا گوڵێك، پارچە مووسیقایەکی تارا جاف، وێنەیەکی ئەسرین ئیسکەندەری، شیعرێکی هێمن یا سوارە،دیمەنێکی " بێخاڵ"مان پێ جوان دەبن، بە هەمان شێوە، کاتێك نووسینێکی هێمن یا مەلاشکور یا سەعید ناکامیش دەخوێنینەوە، هەست بە جوانیی دەکەین . نووسینی تریش هەن، پێمان جوان نین و، وادەبێت هەر نازانین دەڵێن

چی و، زۆرتر وایە بە خوێندنەوەیان زوو ماندوو دەبین و، حەزدەکەین وازیان لێ بێنین. ئەوجا ئەگەر دوو نموونەی وا جیاواز، دوو قوتبی کە یەکیان هەستی جوانیمان دەداتێ و ئەوی تریان دزێویی، لە بەردەمی خۆمان دابنێین و، زۆر بە وردی بەراوردبکەین، هەوڵ بدەین جیاوازییان بدۆزینەوە، رەنگە بتوانین شتی باش لەو بەراوردە فێر-ببین.

کە بێتە سەر لێکۆڵینەوەی رێزمان، نووسینی مسعوود محەمەد زۆر زانایانەن. ئەو وردبینە توانیویە بۆ جاری یەکەم، سەرنجی زۆرکاری رێبازی زمانی کوردی بدات. بەڵام حەیف، ئەو کە ئەوەندە زانا و، بیری لە زۆر رووەوە ئەوەندە رۆشن بوو، کە دەهاتە سەر دارشتنی نووسینی کوردیی خۆی، دارشتنەکەی - بە من - ئەوپەری دزێو بوو. من کە نووسینی مسعوود محەمەد دەخوێنمەوە، وا دەزانم ژووشك توند- توند دە باوەشی خۆی گرتووم و، مڵچ - مڵچ بە ماچ دایگرتووم و، خودا- خودامە زوو بەرم بدات. نووسینەکانی، وادەبێت قسەی بێ ماناشیان تێدا دەبێت، بەڵام بەگشتی، زانیاریی یەکجار زۆر هێژایان تێدا هەن و، حەقمە خوێندەواریی کوردی بە بێ ئاگاداریی تەواو لە بەرهەمی مسعوودمحەمەد زۆرکەمایەسیی پێوە دیار دەبێت و، زیانی زۆری پێ دەگات؛ لەبەرئەوە ناچارم ددان بە خۆمدا بگرم و ئەو شکەنجەیە قەبووڵ بکەم. لەکاتێکدا کە زۆرتری هەرچی هەژار نووسیویە، کە زۆر کەم وادەبێت - جگە لە کوردییەکەی - هیچی لێ فێرببم، هیچ ماندووم ناکات. لێرەدا دەوری دارشتنی زمان دەبینم، کە من دەبوو بە نووسینی دووروودرێژی بێناوەرۆك ماندوو بوومایە، نەك بە ئەو نووسینەی کە ئەوەندە زانیارییم دەداتێ، کەچی نا. تەرزی رێگای کە دەبێت بۆ گەیشتنە دنیای نووسەر بیپێوم، جا ئەو دنیایە چەندە دەوڵەمەند بێت یا هەژار، وام لێ دەکات ماندوو بم یا بە سەعاتان پێدا برۆم و هەست بە ماندوویی نەکەم. دە من رێگایەکی پڕ لەکەندەڵان و دڕك و داڵ دەپێوم تا بە زانیاریی مسعوودمحەمەد بگەم و،بە رێگایەکی تەختی قیرتاودا پیاسە-یەکی لای دنیای سادەی هەژار دەکەم، هەر لەبەر خاتری رێگاکە خۆی، نەك ئەو شتەی کە بۆی دەچم. رێگاکەش، بۆ هەر کوێیەکی بچێت، تا بڵێیت گرنگە. هەندەسەی قیرتاوکردنی رێگا گرنگە. کە من بتوانم لەوەوە فێری قیر-تاوکردنی رێگا ببم، ئەوسا دەتوانم ئەوە بۆ کردنەوەی رێگایەك بۆ شوێنێکی زۆر بە زانیاری دەکاربێنم.

ئەگەر زمان مرۆڤێك بوایە و، لێت بپرسیایە: ئارەزووی ژیانت چیە؟ گورج هەمان ئەو وەڵامەی دەدایتەوە کە دەکرێت وەڵامی خەڵکێکی یەکجار زۆری ئەو پرسیارە بێت: "سامان و جوانی". زمان ئەو دوو شتەی دەوێت: سامان و جوانی.

من پێشتر، لە باسی "کوردیی پەتی و ناپەتی"دا، شتێکم لەبارەی ئاو و هەوا و مووسیقای هەر زمانە، هەندەسەی خانووی و نەزمی تایبەتیی کرد. گوتنی کوردی، دەبێت بە نەزمی کوردی بێت، نەك بە عارەبی یا هەر زمانێکی تر. گوتم هەموو زمانێکی ناسراوی دنیا، یەکجار زۆر وشەی زمانانی تری دە خەزێنەکەیدا هەن. ئەوەشم گوت کە سامانی وشەی کوردی هێشتا زۆری کۆنەکراوەتەوە، لە سنووری دێیەك یا مەڵبەندێك دەرنەچووە. خەڵکی کە جارێ بە سامانەکەی خۆیان نازانن، پەلەپەلی ئەوەیانە هەموو وشەیەکی بەئەسڵ بێگانە بکەنە کوردی و، ئەوەبوو کاك وریا مامڵێ سەرنجی بۆ نموونەیەکی زۆر باشی ئەم قسەیە راکێشام: وشەی "کاژێر"ی باس‌کرد، کە لەجیاتی وشەی "سەعات"ی بەکاردەهێنن. هێشتا کاژێرەکەی خۆیان فێرنەبوون، کێشەی "سەعات" و "دەقیقە" و "سانیە"ی عارەبییان هەیە. ئێوە جارێ تەموزم بۆ دەسەڵاتدارەکانمان بهێنن، خەمێکی دانانی قامووسێکی ستاندار بخۆن، بزانن چ سامانێکی تێدا دەبێت، ئەودەمە ئەگەر سەعات و دەقیقەو سانیەی کوردیی تێدا نەبوو، بیر لە دروستکردنیان بکەنەوە، بەڵام ئیدی ئەوسا دەزانن کە نابێت سەر لە کاژێرەکەمان بشێوێنن. کاك "هاورێ گەدایی"یش، زۆر شتی سەرنج داون و، ناوبەناو، تێبینیی بەکەڵکی لێ دەبینین.

شتێکی کە لەم دواییانەدا زۆر سەرنجی راکێشاوم و، دەترسم بە رێگای هەڵەماندا بیات، ئەوەیە کە وادەبێت پێوانەی "راست" و "هەڵە"ی وشە بەوەی "کۆن" و "نوێ" دەشێوێندرێت.

ئێمە کە دەڵێین وشەی "بەرامبەر" لە "بەرانبەر"ەوە هاتووە، مانای ئەوە نیە گوتن و یا نووسینی "بەرامبەر" هەڵەیە. نا، نە هەڵەیەو نە هیچ. "بەرانبەر" زاوە و "بەرامبەر"ێکی بووە، چاومان رۆشن و یاخوا بنەماڵە هەر زیاد بکات و نەوە و نەتیجەی "بەرانبەر خان"یش ببیندرێن. دیارە من مەبەستم هەر لە رووی نووسینەوەیە، کە سەرەتا بە "بەرانبەر" نووسرابێت و، نووسینەکەی دوای ئەوە بووبێت بە "بەرامبەر"، ئەینا هەرکامیان بنووسرێت ئەوا من هەرتکیان وەکو یەك دەخوێنمەوە. من دواتر دێمە سەر ئەو "وەهم"ەی جیاوازیی نوون و میمەی ئێرە. بەڵام ئەگەر ئەو "ن" و "م"ـە وەهمیش نەبوونایە، مەسەلە هەر نەدەگۆڕا: "بەرانبەر"ێك زاوە و بە شێوەیەکی شەرعی "بەرامبەر"ێکی بووە. کە ئەگەر من چوارسەد ساڵی تر بژیامایە، زۆر لەوانەبوو بە خزمەت نەوە و نەتیجەشیان بگەیشتمایە و بمگوتایە: سڵاو لە تۆ - بڵێین - بەرونبەرخان، بیریمبیرخان، باورامبوورخان! و ... چەندی تر، ئەمن چووزانم وشەیەك بە چوارسەد ساڵ چ بنە نەژادێك دەنێتەوە. مەگەر ئەو وشانەی تریش هەر وا نەبوون؟ یا لەم چەندهەزار ساڵەی رابردوودا بەرد بوون و نەگۆڕاون؟ نەخێر، پێستی زمانی هەر قەومێك، لە روویەکەوە،

وەکو پێستی زمانی لەشی مرۆڤە . زمانی مرۆڤێك وادەبێت، بە چێشتێك یا خواردنەوەیەکی گەرم دەسووتێت و، کە مرۆڤ بۆ ئەوە دەچێتە لای بژیشکی، بژیشك پێی‌دەڵێت " ئەوەندە رۆژی تر سەبرت هەبێت، تا ئەو توێژە سووتاوە دەڕوات و، توێژێکی نوێ جێی دەگرێتەوە " . کە سەیری هەر زمانێك دەکەین، بەتایبەتی کە سەیری شکلی وشەی دەکەین، دەبینین هێندێکی، هەر بە ئەوەندە ساڵە، دە ساڵە، یا سەدەیە گۆڕاوە .

ئینگلیس- بەڤوونە- سەردەمێك بە قەیسییان گوتووە " ئاپریکوس" ( لە لاتین، ئەویش لە" البرقوق"ی‌عارەبی)، دوایی لای خۆیانەوە " س"یەکەیان کردووە بە" ت"، فەرەنسیش وایان کردووە و" پ"یەکەشیان کردووە بە "ب"، هۆڵەندیش" پ"یەکەیان کردووە بە " ب" . کاتێك سەیری قاموس دەکەیت، پێت دەڵێت ئەسڵەکەی چی بووە، بەڵام ئیتر وشە راستەکە بە ئینگلیسی ئەمەیە کە"س"یەکەی تێدا بووە بە" ت"، ئەسڵەکەی چیتر ئینگلیسی نیە، ئینگلیسیی ئەمرۆ نیە، کەواتە بۆ ئەمرۆ هەڵەیە. بۆ فەرەنسی و هۆڵەندییەکەش هەروەتر، ئەوەی ئێستا هەیە بۆ ئێستا راستە، نەك ئەسڵەکە .

بە هەمان شێوە، هەر وشەیەکی کوردی، ئەسڵەکە هەرچی بووبێت یا نەبووبێت، ئەو ئەسڵ بوون یا نەبوونە هیچ بەڵگەیەك بۆ ئەوە نیە کە ئێستا راست بێت یا نەبێت . زمان چیی لێ خۆش بێت و پیی رابێت،ئەوە شوێنی خۆی دەگرێت و دەبێتە راستەکە . ئەسڵ و سەرەتا شتێکە و، زگ و زا شتی تر .

مرۆڤ، بێ بیرکردنەوە، ئەوەی لەسەر زمانیان خۆش دێت، ئەوە دەکەن بە" راستەکە" و واز لەوەکەی تر دەهێنن . دەکرێت رۆژگارێك هەرتك شێوەی وشەیەك بە راست دابنێن و، رەنگە تا ئەبەدیش هەرتك هەر راست بمێنن، واتا زمانی مرۆڤ هەرتکی لێ خۆش بێن و، هیچ کام لەودووانە لەدەست خۆی نەدات، دەشکرێت هەر بە یەکێکیان رابێت و واز لەوەکەی تر بهێنێت . دەنگی وشە لە کاغەزو چاپخانە و کۆمپیوتەرەوە نایەت، لە قوڕگی مرۆڤەوە دێت . مرۆڤ مەگەر ئەو رەمزە پەڕپووت و سەرەتاییانەی پێیاندەگوترێت پیتی نووسین، بە گوێرەی دەنگی قوڕگی خۆی بگۆڕێت، نەك ئەوە کە قوڕگی خۆی بەگوێرەی ئەوانە بگۆڕێت . هەر ئەوەشە کە دەبینیت رێنووس هەمیشە لە گۆڕاندا بووە .

من لێرەدا زۆر بە ئەمانەت باسی خۆم دەگێڕمەوە و دەڵێم من چ" بەرانبەر" و چ" بەرامبەر" بنووسم یا بخوێنمەوە، لە هەرتك حاڵەتدا هەر هەمان یەك شت دەڵێم، شتێك کە پیتی پێنجەمی نە " ن"ی وشەی " نان" ـە و، نە " م" ی وشەی " مەڕ"ە . ئیتر بۆچی دەبێت بۆ من هیچ جیاواز بن ؟ چونکە قەڵەم یا بۆرد وای نووسیوە ؟ یانی ئەو

قەڵەمە یا ئەو بۆردە نووسینەکەی نووسیوە ؟ یانی ئەو قەڵەمە یا ئەو بۆردە قوڕگی من و دەستگای ئەعسابی من دەکات بە کۆیلەی خۆی ؟ نا ، ڕێگای ئەوەی نادەم .

گریمان، لە مەڵبەندێکی کوردەواری، پیتی پێنجەمی " بەرانبەر" وەکو نوونی " نان" و، میمی " بەرامبەر"یش وەکو میمی" مەڕ" گوتران، جا ئەوجا، بۆچی دەبێت نووسرانەکە خۆی ببێتە بەڵگەی هیچ بڕیارێکی هەمیشەی مێژوو؟ من کاتێك ئیشارەتی ترافیکی ئەوە دەبینمکە دوای پەنجا میتر دەگەمە پێچێکی زۆر خەتەر،حیسابێکی بۆ دەکەم. کاتێك ئەو پێچە لەوێ هەڵبگیرێت، ئیتر ئەو ئیشارەتە هەڵگیرابێت یا جارێ هەڵنەگیرابێت، بۆ من هیچ مەسەلە نیە . لە هەموو بارێکدا ، حەقمە من ئەوە پێویست نابینم کە بۆ خاتری ئەو ئیشارەتە کۆنە، بچن یەك پێچی نوێ دروست بکەن، تاکو ئیشارەتەکە ڕاست دەربچێت . ئیشارەت چیە ؟ من ئەو ئیشارەتە بۆ واقیعەیێك دادەنێم، کە ئەو واقیعە کۆتایی هات، ئەو ئیشارەتەش ئیتر ئەگەر بمێنێت و ئەگەر نەمێنێت، تازە من هیچ حیسا-بێکی بۆ ناکەم . ئەوەشە کە بە سەدان هەزار وشە لە نووسینە ئەورووپاییەکاندا هەن، کە دەبێت بە شێوەی تری غەیری ئەوەی نووسراون بخوێندرێنەوە .

ئەوە کە قەومێك نووسینی فۆنێتیکی هەبێت ( واتا شت وەکو بنووسێت بخوێنێتەوە ) " وەهم"ـە، نووسینی وا لە دنیادا نیە . نووسین ڕەمزی بە بیردا هێنانەوەی دەنگێکە، تاکو بە دیتنی ئەوە، بیرمان بۆ دەنگێکی قوڕگمان بچێت کە لە نووسین نایەت .

باس لێرەوە دەماتخاتە دنیای وەهمەکانی " ئەلف - بێ"وە .

من، کە جاری یەکەم لە پاریس، ناوی " شانزێلێزێ"م دیت ( مەزرای ئیلوزیوم - ی بەهەشتی ئەفسانەی یونان)، ئەوسا کە هیچ فەرەنسییەکم نەدەزانی، نووسینەکەیم زۆر پێ سەیر بوو . ئێستا ، کە بیری لێ دەکەمەوە، درشتی و نەزانییەکەی ئەوسای خۆم زۆر پێ سەیرە .

شانزێلێزێ Champs-Élysées ، ئەوە کە ch بە" ش" بخوێندرێتەوە، پێ ڕاهاتبووم، بەڵام خوێندنەوەی m - م بە " ن" پێ سەیر بوو .

فەرەنسی لە زمانە لاتینەکانە . مەڵبەندی چەند گردێك لە ئیتالیا ، ناوی لاتینوم بووە . شاری" ڕۆما"ی لێ ئاوەدان کراوەتەوە، ئیتر ناوی لاتین یا لاتینی بە سەر زمانیخەڵکی ڕۆما و ئەوهەمووە خەڵکەی هاوزمانانیاندا شکاوەتە-وە . ئەو زمانە، شێوازی فەرەنسی و ئیتالی و سپانیایی و پۆرتوغالی و ئیتریشی لێ بوونەوە و،بوونە زمانانێکی

سەربەخۆی ولاتانێکی ئەوروپا و ئەوانەی ئەمریکاش کە بە هۆی زمانەکەیانەوە پێیاندەڵێن ئەمریکای لاتین ( ولاتانی ئەمریکای باشوور و ناوەند ،کووبا...ئیدی، کە زمانی رەسمییان زۆرتر سپانیاییە، یا پۆرتوغالیی ئەوەی برازیل ) .

بە لاتین، بە مەزرا گوتراوە" کامپوس"(یا بەگوێرەی خوێندنی ئەکادیمییهۆڵەندی کە لەسەر رێوشوێنی خوێندنەوەی " ئیرازموس"ی رۆتەردام دەڕوات : کامپووس) . کامپوس یا کامپووس، لە شێوازە فەرەنسییەکەدا بووە بە شامپ (بۆ تاك، بۆ زۆر: شامپس) بەڵام پێستی زمانی قسەکردنیفەرەنسی کەوتووەتە تویژفرێدان و" مپ"ـەکەی لێ هەڵپریواوە و، هەر یەك" شا"ی رووتی لێ پێوە ماوە، بەڵام "ا"یەکە جۆرە گنییەکی پێوە هەیە کە فەرەنسی پیتیان بۆ نیە و، دەستیشیان لەو وەهمە بەرداوە کە شتێکی بۆ دروست بکەن یا " مپ"ـەکە لە نووسینی لابدەن . ئێستاش کە ئێستایە، هەر دەنووسن" شامپ" و منداڵیان فێردەکەن کە :" رۆڵەگیان ئەوە شامپە بەڵام شامپ نیە!،" شا"یە،ئەوە تۆ بە عەقڵی خۆت بە" شا"یەکی وەهای ببینە کە زمانت لە کۆتاییەکەیدا ئاوا گن دەکەیت، رۆڵە ئەوانە رەمزی نووسینن و فریان بە سەر حەقیقەتی ئەوەوە نیە کە تۆ دەیڵێیت، چونکە نووسین و حەقیقەتی گوتن دوو شتی جیاوازن . ئەم چیرۆکە دەبێت هەزاران جار بە منداڵیان بڵێنەوە : رۆڵە گیان ئەمە est " ئێ"یە ( نەك " است")، ئەمە faim" فە"یە (نەك " فایم") و ...ئەمە چیە و چی نیە . ئیتر منداڵ دوای هەزاران ئامۆژگار-یی " ئەمە ئەوە نیە بەڵام بە عەقڵیخۆت وای ببینە کە ئەوەیە!"، رێك وەکو منداڵیعارەب و فارس و رووس و ئەو هەمووە قەومانەی تری دنیای کە بە ئەلف- بێ دەنووسن، فێردەبێت شتێك بە زمانەکەی خۆی راست بخوێنێتەوە و بنووسێت . منداڵی عارەبیش وەکو فەرەنسیەکە، دەبێت فێربێت کە : قالت لیلی ( لەیلا گوتی) : " لیلی فاعل مرفوع و علامة رفعه الضمه! ( لەیلا کارای دۆخی یەکەمە و نیشانەکەشی بۆری بە سەرییەوە!)، ئێ کوا بۆر ؟ منداڵ کە سەیر دەکات نە بۆر دەبینێت و نە هیچ، بەڵام پێیدەڵێن کە :" الضمة المقدرة علی آخره منع من ظهورها التعذر"، - وەك بڵێیت - بۆری کە بە عەقڵی خۆت دەبێت بە سەر دواپیتییەوە ببینیت!، بۆچی بە عەقڵی خۆم ؟ چونکە ناتوانیت بەسەرییەوە ببینیت!، بۆچی ناتوانم ببینم ؟ چونکە وجوودی نیە و ئێمە بە وەهم پێت دەفرۆشین، چونکە ئەمە نووسینە، نووسین و حەقیقەتی ئەوەی کە تۆ دەیڵێیت دوو شتی جیاوازن .

دە توخوا ئەوەش بوو بە رێزمان ؟ خۆ بڵێ ئەگەر وشە بە ئەلفی مەقسوورە کۆتایی هات، کە حەرەکەتێکە، ناکرێت هیچ حەرەکەتێکی تری وەدوو بخرێت و تەواو، نا، نەخێر، دەبێت بە عەقڵی خۆت بە سەرییەوە ببینیت، ئەویش بۆچی؟ چونکە نایبینیت!". ( زۆر حەزم دەکرد بۆم هەڵبکەوتایە ئەمەم لەگەڵ"چۆمسکی"ی فەیلەسووفی ئەمریکا-

پیدا باس بکردایە ) .

دواتر، کە دەمویست شتێك لە سانسکریت بخوێنم، یـەکەم شتی کە زۆر سـەرنجی ڕاکێشام، نووسینی وشەی " سانسکریت"ـەکە خۆی بوو : ئەسڵەکە " संस्कृतम् سانسکرتام"، کە لە تێکەڵکێشانی " سـان " و" کرتا " پێکهاتووە . سان = پێکەوە، پێك، وێك، تێك؛ کرتا= کراو، کردراو . دەبینم" سا"( لە سانسکریتدا یەك پیتە स) دیارە، بەڵام " ن " ( بە سانسکریت " نا" و ئیشارەتێك بۆ لەکارخستنی " ا"یەکە)م نـەدیت . چوار جۆرە " نا" دە سـانسـکریتدا هەن ( ञ न ङ ण )، هیچ کام لەوانە بە دووی " سـا"یەکەوە نـەبوون؛ لەجیاتی ئەوانە، نوختەیەك لەسەر " سا"یەکە هەبوو و، دەرسەکە بەم جۆرەی شی‌کردبۆوە : ئەو نوختەیە " م"ێکە کە هەمیشە دەبێت بە "ن" بخوێندرێتەوە!، جا وەرە پێ‌مەکەنە( لـەوەش خـۆشـتر، دواتر لە دەرسێکی ئینتەرنێتدا دیتم مامۆسـتایەك ئـەو نوختەیەی پێ " ن"ێك بوو کە دەبوو هەمیشە بە " م" بخوێندرێتەوە!) . باشە ئەمە چ فەلسەفەیەکە ؟ خۆ تۆ - خوا نەیبڕێت - لەجیاتی " نا"یەك، چوار " نا"ت هەن، یەکێکیان بنووسە و، تەواو . بەڵام کە دوایی بە کاسێتێك گوێم لە دەنگە جیاوازەکانی سانسکریت گرت، چاوم پتر کرایەوە، چـوار دەنگی جیاوازی " نا" و دووی " تا" و دووی " تها" و ... ئیدی . دەنگیش وەکو ڕەنگە، لە هەرکامە چەند شێوەی هەیە . لە کەتەلۆگی ڕەنگدا، ڕەنگە چل جۆرە سەوز و چل جۆرە زەردو چل یا پتر جۆر لە هەر ڕەنگەو بە چەندین دەرەجە هەبن . نازانم چەند جۆرە" ا" هەیە، بەڵام " ا"ی وشەی " نەمام" بە مانای درەختی ساوا و،" نەمام"ی کردار(" نەمان"م بەسەرهات) وەکو یەك نین، ئەوانە دوو" ا"ی جیاوازن؛ هۆڵەندی، بەهۆی خۆ شێت‌کردنی زاناکانیان، یەکەم" نەمام"ـەکەمان ئەگەر بیبیسن و بیانەوێت بە هۆڵەندی بنووسن، دەنووسن" nemaam "و، دووەمەکەیان بە nemam یا تەنانەت ڕەنگە nemmam بنووسن . هۆڵەندی،کە دواتر دیتوویانە ئەوکارەیان کێشەیان بۆ چارەناکات، چەندجاریان گۆڕیوە،تاکو بەتەواوی ئیترهیچ فڕی بە سەر هیچ مەنتیقێکەوە نەماوە و، ئەگەر باسیشیان لەگەڵدا بکەیتەوە، دەکەونە باسێکەوە کە بۆ تێگەیشتنی ئەوە دەبێت بڵێم سەدخۆزگە بە شەرحی‌مغنی . سانسکریتیش ئەو جۆرە"ا" درێژەی بە دووجارکردنی، بە کردنی بە" اا" پێوە دیارە، دەکرا کوردیش وەکو ئەو هۆڵەندییانە خۆی شێت بکردایە و یەکەمەکەی بنووسیایە " نەماام" و دووەمەکەش " نەمام" یا " نەمام"، تاکو ڕوون بێت زمان لەسەر چی دابگیرێت، بـەڵام خۆشبەختانە، وای نـەکردووە . ئەوە کە سانسکریت ئەو نەزمەی دەنگی وا پـاراستووە، دەگەڕێتەوە " تـەحنیت" کرانی لاشـەی مردووی، یا تـەنانەت کردنی بە پـەیکەری بەرد . ئەو خەڵکەی ڕۆژێك سـانسکریتیان گوتووە، ئێستا نـەژادیان چیتر نایڵێت، بۆچی؟ چونکە لەسەر زەوی دەژیت!،کە نووسینێك بە بیستوچوار سەدە وەکوخۆی ما، مانای وایە

نووسینی دنیای مرددوەکانی ژێرزەویی ئەفسانەکانە و، ئیتر کاری بە ژیانی سەر زەوی نەداوە .

بگەڕێمەوە سەر راستەڕێی باسەکەم . ئەو نوختەی سەر " سا"ی " سانسکرتا"، وردیی سانسکریت لە بەرامبەر لاتین پیشان دەدات . فەرەنسی، پیتێکی بۆ جۆرە"ا" ی بە گنییەکی لووتی نیە، لە کاتێکدا کە لام وایە ئەوەندە-شی پێویستە، بەڵام ئیتر نۆتەی مووسیقا و رەمزی نووسین دوو شتی جیاوازن . فەرەنسی وایان بۆ شکاوەتەوە، هەر ئەوەندەیان بۆ کراوە " بە عەقڵی خۆیان" شوێنی میمێکی نەماوی دوای ئەلفێك بە دەنگێك پڕبکەنەوە کە بۆیان نانووسرێت ( دەکرا ماوەیەك خۆیان شێت بکردایە و- بڵێین-" ñ " یا "m "یەکیان بەو ئیشارەتە بە سەرەوە بنووسیایە، بەڵام نەیانکردووە)؛ لەکاتێکدا سانسکریتەکە نووسینی ئیشارەتی " مممممم"ێکی لەبەرچاوە کە ئەگەر بەدووی "ا"وە بێت ( کۆتایی پیتی سانسکریت)، ئەوا دەبێت بە شتێك لە نێوان میم و نووندا، شتێکی کە ئێمەش دەکرا بۆ " ن،م" ی وشەی " بەرانبەر، بەرامبەر"ی کوردیی خۆمان بەکاربهێنایە .

بە هەزاران وشەی وەها لە نووسینە ئەوروپاییەکاندا هەن، کە دەبێت بە شێوەی تری غەیری ئەوەی کە نووسراون بخوێندرێنەوە . نەك هەر لە نووسینیلاتیندا ،بگرە لە سیریلیکی رووسیدا زۆر نامەنتیقیتریشە،هەرکارەساتێکە . رووسەکان خۆیان، وەکو هۆڵەندیەکان، لافی ئەوە لێدەدەن کە زمانەکەیان بە فۆنۆتیکی دەنووسرێت ( واتا وەکو دەنووسرێت دەخوێندرێتەوە)، بەڵام هەرتك لاف، یەك لەیەك بێپایەترن . خۆ ئەگەر زۆرترینی نامەنتیقیبوونی نووسینی هۆڵەندی لە پیتە دەنگدارەکاندا بێت، ئەوا رووسی لە پیتە بێدەنگەکانیشیدا ، وەکو دەنگدارەکانی، کێشەی زۆری هەیە، ٢٠ پیتی بێدەنگی بۆ ٣٥ شت هەیە! . من لە مێژووی پەرەسەندنی هەزارو سەدو ئەوەندە ساڵەی " سیریلیك" ( بەناوی - گوایا- زەلامی داهێنەری،" سانت سیریل" کە ساڵی ٨٦٩ مردووە) م نەکۆڵیتەوە، بەڵام کە بە ئەسڵە یونانییەکەی بەراورد دەکەم، هێندە نامەنتیقی دەبینم کە هەر باسی ناکرێت، بە نموونە M = م، بەڵام m = ت!، بەڵام ئیتر شکڵی نامەنتیقیی پیتەکان باسێکی ترە) .

ئەوجا، تۆ، یەك هەمان وشە،- بڵێین - " باش" بڵێ و داوا لە چوارکەس بکە، چوارکسی ئاسایی دوور لە دنیای مووسیقاو زمانەوانی، ئەوانیش بیڵێن، یەکی چینی، یەکی ئیتالی، یەکی عارەب و، یەکی خەڵکی کۆنگۆ، بزانە " باش " بە چەند شێوەی جیاواز دەردەچێت . جگە لە جیاوازیی" ا"یەکان، وا هەر سانسکریت - بەنموونە- دوو " ش"ی هەیە : "श ش" ی وشەی "ئەشڤا" ( ئەسپ) و " ष ش"ی وشەی " شەش" . من چەند وشەیەکی کوردییم فێری دۆستێکی سوێدییم کردبوو ،لەوانە : رۆژباش . کە پێیدەگوتم رۆژباش، شتێکی زۆر خۆشی دەگوت، بەڵام ئیتر نە " رۆژ"ەکەی وەکو" رۆژ"ی من بوو و، نە " باش"ـەکەی فڕی بەسەر " باش"ی منەوە هەبوو، شتێکی زۆر

خۆشی خۆی دەگوت .

من کە نووسینی لاتین بە نـامەنتیقیترین نووسین دەبینم ( "مپ" بە " شا"وە دەنـووسین و دەبیـنین و، هەر بە عەقڵی خۆمان دەزانین کە نـە هیچمان نووسیوە و نـە هیچمان دیوە، هـمووی هـەر بە عەقڵی خۆمان ... خۆش عەقڵ!)، نووسینە ئارامیەکانم پێ کەمتـر نـامەنتیقین . بـەڵام بەهەرحاڵ هەر" ئەلف - بێ" ـن . من نووسینی چینییەکانم زۆر پێ لە ئەلف - بێ ( ی فینیقی) مەنتیقیترە . لە نووسینی چینیدا ، کە پیت هەر نیە، رەمزێك هەیە هەرکەسە بە شێوەی خۆی و بە زمانی خۆی بە شتێکی دەخوێنێتەوە . ئەگەر" بەرانبەر" و ئەگەر"بەرامبەر"، لێرەدا هەر بە رەمزێکی بەرامبەربوون پیشان دەدرێت .

ئەوە کە لە بەرامبەر و بەرانبەر، یـەکێکیان بە راست دابندرێت و ئەوی تریان بە هەڵە، قسەیەکی زۆر سادە و بێ مانایە، میم چیە و نوون چیە ؟ و لێرەدا پێوانەی " راست" چیە و " هەڵە" چیە ؟ .

ئێمە کاتێك دەڵێین سومەری یا ئاسووری، هەمیشە دەکرێت ئەمەی وێ بخەین بڵێین :"یا شومەری، ئاشووری" . لە نووسینی فینیقیشدا ، شین و سین هەر هەمان یەك شت بوون و، ئێستاش لە عیبریدا هەر وا ماوەتەوە،" ئەگەر" مرۆڤ بیەوێت، دەتوانێت بە لەسەردانانی ئیشارەتی نوختەیەك جیایان بکاتەوە، ئەگەر لەسەر لای راستی دابنێت دەبێتە " ش" و، ئـەگەر لە سەر لای چەپی دانێت دەبێتە " س" . ئەسڵە فینیقییەکە، وەکو عیبریی ئێستا ، پێی- گوتراوە " شن" ( ئێستا شینەکە ئیشارەتێکی ژێری هەیە)، بە ئەسڵ رەسمی ددان بووە ( شن بە فینیقی و عیبری واتا ددان، بە عارەبی : سن) . عارەب، کاتێك نوختەیان خستوونەتە سەر پیتە ئارامیەکان ( ئەو نوختەو سەروژێر داهێنانە - بە هەر حاڵ - دراوەتە پاڵ هاودەمێکی ئیمامعەلی : " ابوالأسود الدؤلي" ٦٠٥-٦٨٨) ، سێ نوختەیان لەسەر سینەکە داناوە، کردوویانە بە پیتێکی نوێی سەربەخۆ ." خ " و" ك"ی ئەوسای فینیقی و ئارامی و ئێستاش لە عیبریدا هەر هەمان یەك شتە، - بۆ کەسێکی کە بیەوێت- دەتوانێت ئیشارەتێك دە کافەکەدا بنووسێت، واتا بە " ك"ی بخوێنەوە نـەك " خ"، لە عارەبیدا هەمزەیەك بۆ ئەوە دە کافی سـەربەخۆی کۆتایی وشەدا ئێستاش هەر ماوە، بـەڵام ئیتر پیتی تایبەتییان بۆ" خ" دروستکردووە (نوختەیەکیان خستووەتە سەر" ح") . پیت بۆ دەنگی ث خ ذ ض ظ غ هەر ئەسڵەن لە فینیقی و ئارامیدا نەبوون، عارەب بیری پیتی بۆ ئەو دەنگانەیان لە فەرهەنگی تر، لە سەبەئی و مەعینی یەمەن وەرگرتووەو، چەند کاریان‌کردوون تا نووسینیان دوایی بەم شێوەیەی لێ هاتووە .

من ئـەوەندە بە ئەلف - بێ بەدبینم، بە دووری نـازانم، تا هەزار ساڵێکی تر، ئەگەر مرۆڤ لەسەر زەوی بمێنێت و

نووسینیش دە فەرهەنگیدا بمێنێت، هەمووی دەست لە ئەلف - بێ بەربدات و بچێتە سەر نەزمی نووسینی چینی .

کە دەڵێن ئـەسڵی ئەم وشەیە پێش هەزار ساڵ یا سەد ساڵ یا بیست ساڵ بەم شێوەیە بووە، ئەو زانیارییە دەکرێت بـەکەڵك بێت، بـەڵام ئەوە بە هیچ جۆرێك بەڵگەی ئەوە نیە، کە بەکارهێنانی ئێستا راستە . من چیم لە رابردوو داوە ؟ تـازە ئەو توێژەی پێستم هـەڵوەریوە و لەو بەینەدا زۆر گۆڕاوم . ئـەسڵ بوون ؟ خۆ ئینشاڵڵا بە تەما نین بمکەنەوە بە جۆرە مەیموونێك ؟ یا من بە ئەسڵ نووسیبێتم" بەرانبەر" و نوونەکەشم بە نوونێکی تـەواو گوتبێت، ئەوجا ئەوە بۆ ئەمرۆ ئیتر بەڵگەی هیچ نیە، دەکرێت " بەرامبەر" یا " بەرانبەر" بەکاربهینم و، ئەو دووانە دەکرێت سەد ساڵیش وێکڕا بڕۆن، تا شەرعی خۆیان دە میزاجی کورددا بەلایەکدا دەبڕنەوە . کەواتە تا ئەوسا، هەرتکیان راستن، هێندێك وشە دەکرێت پتر لە یەك شێوەیان هەبێت .

هـەر بۆ مەسەلەی ئەم ئەسڵە، کە وشەیەك لە زمانێکی تر وەردەگرین، ئێمەش وەکو هەموو قەومەکانی تری دنیا، بە بێ ئەوە پێبزانین، بە جۆرە چەکوچکارییەك دەکەوینە سەری تاکو بۆ زمانەکەی خۆمانی دەگونجێنین . عارەب دەنـووسێت " دنیا" و دەیخوێنێتەوە " دونیا"، منی‌کـورد بە کـەیفی خۆمە، من دەنووسم " دنیا" و هـەر واشـی دەخوێنمەوە و، دە کرمانجیی باکووردا وادەبێت دەبێت بە " دنێ".

وشە، چ هەر هی خۆمان بووبن و، چ لە زمانی ترمان وەرگرتبن، بمانەوێت و نەمانەوێت، دەکەونە بەر نەشتەرگەریی بژیشکی کۆسماتیکای زەمان و، نـاکرێت ببنە " فۆسیل"ی بەرد و نـەگۆڕێن . هەر هەوڵێکی ئێمەش بۆ ئەوە کە بیانکەینە بەرد، دەبێتە خۆ هەڵخەڵەتاندنێکی منداڵانە و هیچی تر . ئەوجا، دە ئەم مەنجەڵە کۆسمۆپۆلیتەی زمانا- نی مرۆڤی سەرزەویدا، کە گوندیی هۆڵەندی بە دەیان وشەی بە ئەسڵ عارەبی بەکاردەهێنێت و، عارەبی سـەحرا " بطاطا" و" طماطا "ی عەشیرەتەکانی ئـەمریکا بە کـەیفی خۆی بەکـاردەهێنێت، منیش کراسێکی فشوفۆڵی رەحـەت دەبەردەکەم و بە کەیفی خۆم هەرچی لە دەوروبەرم خۆش بەدەستەوە هات، خۆش هاتە سەر زمانم، بەکاری دەهێنم دەڵێم جێگە، جێگا، بارەگە، بارەگا، چەندین، چەندان و ... زۆری تر .

هەن کە دەکرێت بڵێم ئەمەیان هی منە و ئەوەیان هی فارس یا رووس یا ئیتالی یا کێ و کێیە، بەڵام نەك لەو نموو- ناندا . فەرهەنگی ئێمە هێندە-هێندە رەنگاورەنگیی تێدایە . تۆ سەیری جلوبەرگی ژنان و پیاوانی‌کوردی تەواوی کوردستان بکە. سەیری خۆراکیان،هەڵپەڕکێیان، شێوازەکانیان و بە چەند شێوە گوتنی یەك هەمان وشە . با قەت پەلەی ئەوە نەکەین هەر شێوەی وشەیەکی مەڵبەندەکەی‌خۆمان بە کوردیی تەواو دابنێین و، ئەگەر شێوەیەکی تری

مەڵبەندێکی تری وڵاتەکەمان دیت وەکو ئەوەی قەومە هاوسێکان بوو، ئیدی پێمان وا بێت ئـەوەکەی مەڵبەندی ئێمە باشە و ئەوەکەی تر هی بێگانەیە، نا، قەت شەرت نیە وابێت. زۆر چاك دەکرێت هاوسێکان لە مەڵبەندێکی تری ئێمەیان وەرگرتبێت.

بەڵام لە هەموو بارێکدا، مەبەستی زمان هەر دە دوو وشەدا دەمێنێتەوە: سامان و جوانی.

ئەم بەیانییە سەیری گۆرانییەکی فارسیی یووتیووبم دەکرد ،کە شیعرەکەشی وێرا دەردەکەوت:" هفت شهر عشق را گشته‌ام به دنبالش ندیدمش به کوچه ای به بامی نه ..." . هەر منداڵێکی فارسی کە لە قۆناغی خوێندنی سەرەتاییدا فێری نووسین و خوێندنەوە دەبێت، دەزانێت ئەوە بخوێنێتەوە . منیش، کوردێکی کە فارسیەکی ئەوتۆش نازانم،دەتوانم بیخوێنمەوە . تەبیعی دەتوانم؛کە فارسەکە بتوانێت فێری خوێندنەوەی ئەو نووسینە بێت، من بۆچی ناتوانم فێری بم ؟ خۆ ئەوەتا بە ملیۆنان کوردی تریش دەتوانن بیخوێننەوە، لەکاتێکدا کە بە زمانی خۆشیان نیە، خۆ ئەگەر شیعرەکە بە زمانی خۆیان بوایە، دەبوو هاسانتریش خوێندبایانەوە .

کە من ئەم شیعرەی زێوەر بەم جۆرە لە سەرچاوەیەکی هاوینی پێش حەفتا ساڵدا دەبینم ( گەلاوێژ، ژمارە ٧ی تموزی ١٩٤٣)، لە دە بەش پێکدێت، بەشی یەکەمی بەم جۆرەیە :

" زستان وجودی ساغە دەماری بە قوتە

ایمرو کە ٢٥ی شباطە، شبابیە

ئەم هاژە هاژو بارشە عودو ربابیە

دەر حق فقیرو کویر و هەتیو بی مروتە " .

زۆر چاکی دەخوێنمەوە و، هیچ کێشەیەکم لەگەڵدا نیە .

دیسا، منیش وەکو منداڵی عارەب و فارس دەتوانم بە بێ هەڵە ئەمەش بخوێنمەوە :" الا یا ایها الساقی ادر کاسا و ناولها"و، بە توانای خوێندنەوەی ئەوە یەکجار زۆر شادم، زۆر سوپاس لەمنەوە پیتیعارەبی،کە جگە لە عارەب، وا منیش و فارسیش دەتوانین ئەمە بخوێنینەوە . تورکی تورکیاش، ئەگەر مستەفا کەماڵ لێ‌بگەڕایە، ئەوانیش بۆیان دەخوێندرایەوە و کێشەیەکیان لەگەڵدا نەدەبوو ، بەڵام بەوە کە ئەو نەیدەویست قەومەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە هیچ شتێکی یەکتر بگەن، بە چەکمەی عەسکەر ئەوەی لەبیربردنەوە و شتێکی تری بۆ هاوردن .

ئێ کە وابێت، ئیتر ئەم بەزمە چ بوو تووشیان کردم، کە سەریان لێ شێواندووم و نازانم چۆن بنووسم ؟ من، هەر خۆم، هەر نووسینەکەی خۆم هەمیشە وەکو یەك پێ ناکرێت، چ بەوە دەگات هەموو نووسینەکانی ئەو هەمووە خەڵکە بکرێنە یەك و بەوە بگوترێت نووسینی ستانداردی کوردی . بەڵگەی ئەوانەی ئاوا تووشیان‌کردم چ بوو؟ مەگەر هیچ زمانێك لەدنیادا هەیە، بکرێت بە بێ زانینی زمانەکە، بە شێوەیەکی راست بخوێندرێتەوە ؟ وەڵام : نا، نیە . تۆ ئەگەر - بەنموونە - فێری شێوەی" خوێندنەوەی راست"ی وشەیەکی ئینگلیسی یا فەرەنسی نەبیت، سەیر-

کردنی نووسراوی ئەوە دادت نادات . خۆ ئەگەر عارەبی و فارسی جۆرەها سەرو ژێریان بۆ هەیە، ئەوا ئینگلیسی و فەرەنسیەکە ئەو شتەشیان نیە و، ناچار کۆڵێك رەمزی فۆنێتیکیان بۆ قامووسەکانیان داهێناون،کە بۆ خوێند- نەوەی راستی وشەکە خستوویانەتە پاڵییەوە . بۆچی منیش نەمدەتوانی وا بکەم ؟ لە قامووسدا بمنووسیایە" قوە" و شێوەی خوێندنەوەکەیم بە رەمزی فۆنێتیکی جیهانی لە دوو کەوانی دەپاڵیدا روون بکردایەتەوە ؟

" نووسین"ی قسە و دانانی" نۆتەی مووسیقا" دوو شتی جیاوازن و، هەوڵی گۆڕینی نووسینی قسە بە نۆتەی مووسیقا، جۆرە کێشانێکی رەسمی کاریکاتۆرە . من دەمەوێت بە کۆمەڵێك " رەمز"ی دەنگ ( پیت)، پەی بە مەبەستی تێکخرانی ئەوانە ببەم و، لە پەیامی وشەکە بگەم، بزانم مەبەستی چیە .

بەڵگەی نەتەوایەتی ؟

فارس، کە ئیمام عومەر ئەم پیتە عارەبییانەی بەسەردا سەپاندوون، زەرەریان کردووە ؟ زەرەرەکە چیە ؟ هەستی فارسبوونیان لەدەست داوە و بوونەتە عارەب ؟ یا خۆیان پێ لە عارەب کەمترە ؟ تورکی عوسمانی کە بە پیتی عارەبییان دەنووسی، خۆیان پێ لە عارەب کەمتر بوو ؟ کاتێك ئەڵمان و فەرەنسی پیتیb بەکاردەهێنن، خۆیان پێ لە قەومە سامیەکان کەمترە ؟ نا ، لەکاتێکدا ئەم پیتە سەرەتا شکڵی " خانوو"یەك بووە کە بە زمانی قەومە سامیەکان پیێ گوتراوە " بیت"، ئێ ؟ ئەوان کە حەز لە چارەی عارەب نەکەن، دەبێت واز لە b ی " بیت " بهێنن ؟ یا کە ئەڵمان دەچن فەرەنسا داگیردەکەن، ئیتر فەرەنسی دەچن پیتەکانیان دەگۆڕن تاکو لەوەی ئەڵمانەکانی جیا بکەنەوە ؟ نا ، ئەوانە ئیتر رەمزی جیهانیی بەشێکی زۆری مرۆڤی سەرزەوین و، قەومانێکی دوژمن بەیەکیش، لە کاتی شەڕو کوشتاری زۆر سەختی یەکتریشدا ، هەر هەمان پیتی لاتین بەکاردێنن . ئیتر نە کێشەی نەتەوایەتی لەوەداو نە هیچ . من بەڕاستی هەر دەمەوێت تێیبگەم، پێش ئەوە کە -لای خۆمەوە - هیچ بڕیارێك بدەم، دەمەوێت لە فەلسەفەی داهێنانی ئەم شێوە نووسینە بگەم، کە ئێستا من خۆم ئەم باسەی پێ دەنووسم .

کە من دەمەوێت لە مێژووی ئەم نووسینە کوردییە بگەم، هیچ سەرچاوەیەکم بەدەستەوە نیە هیچم لەوە بۆ روون - بکاتەوە . تەوفیق وەهبی و ئەدمۆندز دایانهێنا؟ خۆ تەوفیق وەهبی بۆخۆی پیتی تایبەتی جیاوازیخۆی بۆکوردی- نووسینی هەبوو، تەنانەت زمانێکی تایبەتی خۆیشی هەبوو ( گوایا تێدا : شەگگە = مەرحەبا ، وەڵامەکەشی : شەگەگە! ؛ دکتۆرکەمال فوئاد ، لە نووسینێکیدا ، چیرۆکیکی زۆرخۆش لە باسی زمانی کوردیی تەوفیق وەهبی دەگێڕێتەوە، لە گۆڤاری ئەنستیتوی کوردی پاریسدا هەیە : هیوا ، ژمارە ٢ ، مایسی ١٩٨٤) . ئەگەر کسانێکی تر بوون، بۆچی تۆمارێکی باسیان نیە ؟ مەگەر تۆمارکردنی مێژووی نەزمی نووسینێکی کە سەدەی بیستەم

لەدایك بووە، پێویست نیە ؟ بـا ، بەرێ وەڵڵا زۆر پێویستە . کە من بتوانم لە سـەرچاوەکاندا مێژووی b ی لاتین و б ی سیریلیك بدۆزمەوە کە لە شکڵی " خانوو ، ماڵ"ی سـامیەکانەوە هاتووە، بۆچی بەشی ئەوەندە کونجکاوی نەبم کە بمەوێت مێژووی ئەم نووسینەی ئێستای خۆم بزانم ؟ بۆچی هەموو خوێندکارێکی کورد ، لە خوێندگە، فێری مێژووی ئەوە نابێت ؟ کەس ناوێرێت باسی بکات ؟ بۆچی ناوێرێت ؟ ئەدی بۆچی دەوێرێت بگەڕێتەوە بنی چاڵاوی مێژوو و ، بزانێت ئایا سومەریەکان کورد بوون یا نەبوون ؟ کوردبوون یا نەبوونی ئەوانە،بەڵێ مێژووەو بەسەرچاو ، بەڵام من - بە شەخسی - هیچ منەتێکم پێ نیە . من دەمەوێت بزانم ئایا من ئەمرۆ دەتوانم ببمە نەتەوەیەك (دەوڵەت) یان نا ، ئەوجا خوای دەکرد قەومێکی هێندە جوان و جەوان دەبووم کە تەمەنم لە سەدسالی تێنەدەپەڕاندو وەکو ئەو هەمووە قەومە کۆنانە پیرو خەرەفاو نەدەبووم . من دەزانم کە دەتوانم ببم بە نەتەوەیەکی زۆر گرنگ و چالاك لەسەر رووی زەوی، بەڵام بۆ ئەوە پێویستیم بە یەکجار زۆر عەقڵ هەیە . دەبێت شەو و رۆژ پرسیاران لەبارەی خۆم ریز- بکەم و ، بەدووی وەڵامیانەوە عەودال بم، لە هیچ پرسیارێك و لێکۆڵینەوەیەك نـەپرینگێمەوە . من تـازە بە تـازە دەمەوێت بە ئەندامێك لە کلوبی‌نەتەوەکاندا جێگای‌خۆم بکەمەوەو ،بە گیانی سەدەی بیستویەکەم خۆم دابمەزرێنم . بۆ ئەوە دەبێت هەوڵ بدەم مێشکم زۆرتر بە پێداویستە ئەمرۆییەکانەوە خەریك بێت، بە پێداویستی بناغەدانانی نەتەوەیەك، نەك ئەوە پێش ئەوەندە هەزار ساڵ چی بووم و چی نەبووم . ئەو زەمانە کۆنە چی بووم یا نەبووم، بەڵێ لە قۆناغێکدا شتی هەرە گرنگ بوو ، چونکە دەسەڵاتی قەومی عارەب و تورك و فارسی یەکجار زۆر دواکەوتوو دەیانویست یەك دنیا خەرافات دە مێشکمان بپەستێون، وامان تێبگەیەنن کە ئێمە بەشێکین لەوان، تاکو بیر لە ئازادی و سـەربەخۆیی و کەسایەتیی تێکڕایی خۆمان و دەرچوون لە موستەعمەرەیی ئەوان نـەکەینەوە، تا بە ژێر- دەستەیان بمێنینەوە و، درێژە بە خواردنمان بدەن . ئێمەش لەبەرامبەردا ، پێویستیمان بە تۆژینی زانستیی مێژوو هەبوو ، تاکو لەو خەرافاتەیان بگەین و ریسوایان بکەین . بەڵام ئەوە ئیتر دەبێت لە شوێنێك بگاتە قۆناغێکی‌تری پێشکەوتووتـر ، دەبێت لە پێداویـسـتی زانستیی بوونە نـەتـەوە نیزیکتر ببینەوە و ،لاپەڕەیەکی نوێ، تـەنـانـەت کتێبێکی نوێ بکەینەوە .

# Hêndêk

# Xwêndinewey

# Kurdî

Şêrko Hejar

2014